دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە



"ڕۆژنامەی کوردستان"، وێڕای پیرۆزبایی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ، پیرۆزبایی شەوی یەڵدا، درێژترین شەویساڵ و شەوی باڵاکردنی ڕووناکی لە هەناوی شەوەزەنگی تەمتوومان و لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی لە گەلی کورد دەکات

ژمارە ٧٦٤، شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢١ی دێسامبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com


کوردستان ڕێز لە پێشمەرگە دەگرێت ٤


پەیامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٦


پێشمەرگە، پێویستی و پێداویستی ٨


لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

# ڕێبازی مەرگبەزێن



بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی ئەی ڕەقیب لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەستی پێکرد.

دواتر بە نوێنەرایەتی پێشمەرگە دێرینەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە شێوەی سەمبۆلیک، ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن دوو پێشمەرگەی دێرینی کوردستانەوە درایە دەستی نەوەی نوێ تاکوو درێژەدەری ڕێگایان بن.

دواتر «حەسەن شەرەفی»، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و «کاوە بەهرامی»، بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی «سان»یان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیت.

هێزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چەند دەستەدا، ڕێژەی نیزامییان ئەنجام دا. بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە نمایش و مانۆڕی نیزامیی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا، پۆلێکی دیکە لە لاوانی گیانفیدای کوردستان، تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگە بوون و ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەکەیان هەر لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێوەچوو و خەڵات بەسەر سەرکەوتووانی دەورەکە لە بواری سیاسی و نەزم و دیسیپلین دابەش کرا.

بەشی دووهەمی ئەو ڕێوڕەسمە، لە یەکێک لە سالۆنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنی سروودی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبەوە دەستی پێکرد. دواتر، «سدیق دەرویشی»، جێگری بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامی دەزگای فەرماندەیی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا، بەپێی نەریتی ساڵانەی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا، لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بەو پێشمەرگانە کرا کە ٢٠ ساڵ بە سەر تێکۆشانیان لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێت.

دواتر سروودێک لە ژێر ناوی «پێشمەرگە تۆ سەنگەری» لەلایەن گرووپی سروودی نەوەکانی قاسملوو سەر بە ناوەندی نێرگز و سروودێک بە زاراوەی کەلهوڕی بە ناوی «هیز گرن» لەلایەن هونەرمەند غووڵام فاتحییەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێوڕەسمەدا چەند شێعر و پەخشان خوێندرانەوە و ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکیی خاکیپۆشان کۆتایی پێهات. هەر لەم پێوەندییەدا، ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی تایبەت، ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی شار لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بە بڵاوکردنەوەی پەیام و بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراوجۆری تەبلیغی وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە پشتیوانیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

## پەیڤ

### پێشمەرگە و شریخەی چەک

**کەریم پەرویزی**

کاتێك کە ناوی پێشمەرگە دەبەی، یەکەم وێنەیەك کە لە مێشکدا دروووست دەبێ، مرۆڤێکی کورد، بە چەکێکی سادەی یەك کەسی لەسەر شانەوە و لە سەر ڕەوەزێکی کوردستانە و دەڕوانێتە نیشتمان.

ئەم وێنەیە سەرتاپای پڕە لە هێما و ڕەمز کە لە مێژووی خەباتی نەتەوەیەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەکوو چیا بەردەوام کەوتۆتە بەر ڕەهێڵەی خەنجەر و مووشەك و بۆمبی ڕق و کینی کۆلۆنیالیزمی تاوانبار و هەر وەکوو چیاش بەپێوە بووە و هەیە و لە نێو دڵی دیرۆکدا لەسەر پێ ڕاوەستاوە، بە لەشێکی شەلاڵی خوێنەوە، بەڵام بە سەرێکی بەرزەوە. پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە لە کوردستان کە دەبێ بە ڕەمزی هەرمان و مانەوە و خۆڕاگری و کۆڵنەدان. لە پێشمەرەگەوە ڕاز و نهێنیەکانی چیا دەڕژێنە نێو دەروونی گەل و ڕۆڵەکانی نەوەی نوێ پێی ڕادێن و بار دێن. بەڵام ئەم وێنەیە ڕەنگە تووشی هەڵەیەکمان بکات. ڕەنگە پێمان وابێ کە پێشمەرگە تەنیا ئەو کاتانەی کە تەنگانەیەك هەیە و هێزێکی دژی گەلیی کۆلۆنیالیستی خەریکی کوشتنی خەڵکە یان خەریکی وێرانکردنی شوێنێکی کوردستانە، بێت و دەرکەوێ و تەقەیان لێ بکا و ڕاویان بنێ و دووبارە ئەو پێشمەرگەیە بگەڕێتەوە هێلانەی پلینگ و ژیان بە ئاسایی بەردەوام دەبێ...

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ پێشمەرگە هەندێك لە لایەنەکانی هەقیقەتمان لێ دەشارێتەوە. چوونکە وێنەیەکی ناتەواوە و تەنیا گۆشەیەکی بچووکی فەلسەفە و بڕوای پێشمەرگەبوون دەردەخا. پێشمەرگەبوون، ئەو ڕەهەندەی تێدایە کە بەرەنگاری هێزی دوژمن دەبێتەوە و بە شریخەی چەك ، بیدەنگیی تاڵی مێژوو دادەدڕێ، ئەم مۆرك لێدانە لە داستانەکانی مێژوو و لە حەماسەکانی خۆڕاگری و گیانبازیی پێشمەرگەدا بە سەدان جار دووپات کراوەتەوە و زۆر جاریش گەیشتۆتە لووتکە. لە هەندێ وێنەی بێوێنەشدا وەکوو مامۆستا مەلا حەسەنی شیوەسەڵی هەروا لە لووتکەدا ماوەتەوە و دەمێنێتەوە. بەڵام پێشمەرگەبوون تەنیا نەبستراوەتەوە بەو ڕەهەندەوە کە جار جارێك تەقەی چەکی بێ، بەڵکوو لە ئێستا و دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە حەوت دەیە لە لەدایکبوونی پێشمەرگە، ڕەمز و هێمای پێشمەرگە لە پلینگێکی چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە بۆتە ئیرادەیەکی گشتیی نەتەوەیی بۆ بونیاتنانەوەی نیشتمانێکی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە سەردانێکدا بۆ ئورووپا، لەگەڵ ئەندامێکی کۆمیتەی بەرگریی وڵاتی بێلژیک دیداری کرد

«مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە چوارچێوەی سەردانێک و بە مەبەستی بەشداری لە کۆنفرانسێک لە پارلمانی ئورووپادا، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، لە پارلمانی فیدراڵی بێلژیک چاوی بە «تیم واندێنپووت» لە پارتی لیبراڵی بێلژیک و ئەندامی کۆمیتەی بەرگریی ئەو وڵاتە کەوت. لەم دیدارەدا لێپرسراوی حیزب باسێکی تێروتەسەلی لەسەر دواپێشهاتەکانی کوردستان و ئێران خستە بەر باس و تاوۆی لە پرسی کورد لە ئێستای ئێراندا دایەوە. لەم چوارچێوەیەدا زیاتر تیشک خرایە سەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران و کوردستان و ئاماژە بە ژمارە و لێکەوتەکانی سەرهەڵدانەکان و هەروەها ئەو تاوانانەی کە ڕێژیمی ئیسلامی دژ بە خەڵک ئەنجامی داوە، کرا. «تیم واندنپووت»، کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی خستەڕوو کە وەک خۆیان و وەک پارتەکەیان لە چوارچێوەی پارلمانی فیدراڵدا دەتوانن ئەنجامی بدەن. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا هەر دوو لایەن پێداگرییان لەسەر بەردەوامیی ئەم پێوەندییانە کردەوە و لە هەمان کاتدا باس لەسەر ئەوە کرا کە لە بواری پراکتیکدا ئەوان چۆن دەتوانن یارمەتیدەری پرسی کورد بەگشتی و پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بن.

## کۆنفرانسێک لەبارەی دۆخی نەتەوەکانی ئێران لە یەکیەتیی ئورووپا بەڕێوە چوو

کۆنفرانسێکی تایبەت بە بەشداریی نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران، چالاکانی مافی مرۆڤ و نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی دۆخی نەتەوەکانی ئێران، لە ناوندی یەکیەتیی ئورووپا لە بروکسێل بەڕێوە چوو. ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی سەرماوەز، کۆنفرانسێکی تایبەت بە بەشداریی نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران، چالاکانی مافی مرۆڤ و نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی دۆخی نەتەوەکانی ئێران، لە ناوندی یەکیەتیی ئورووپا لە بروکسێل، پێتەختی وڵاتی بێلژیک، بەڕێوە چوو. لە سەرەتای ئەم کۆنفرانسە، ‹‹تەیموور ئەلیاسی››، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران- ژێنێڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ‹‹فرێدریک ڕیس›› بەرپرسی فراکسیۆنی ‹‹ڕینیوو ئورووپا››، چەند وتەیەکیان لەبارەی دوخی نەتەوەکانی ئێران و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێشکەش کرد. پاشان ‹‹شیرین عیبادی››، چالاکی مافی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل لەم کۆنفرانسە و لەنێو قسەکانیدا لەبارەی بێدەنگیی ئورووپا سەبارەت بە سەرکوتی خەڵکی ئێران نارەزایەتیی دەربڕی. لە بەشیکی دیکەی ئەم کۆنفرانسەدا، ‹‹مستەفا هیجری››، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی کوردستانی ئێران قسەی کرد.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد: «کوردستان بەهۆی پێشینەی ئازادیخوازی و ئاستی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی، هەر لە دەستپێکی سازبوونی و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە، بووەتە مەیدانی بەرگری کە لە یادەوەریی مێژووە پرشنگدارەکەی بە سەنگەری ئازادی دەناسرێتەوە».

‹‹هیجری›› ڕایگەیاند: «ئەگەرچی ستەمی نەتەوەیی لە هەموو نەتەوە بندەستەکان دەکرێت، بەڵام لە کوردستان ئەم ستەمە چەندقات زیاترە. لە چوارچێوەی ستەمی نەتەوەییەدا، ناوچەی نەتەوە غەیرە فارسەکان، سیمای جوغرافیای سەرکوت و داگیرکراوی بە خۆوە گرتووە». مەبەست لە ستەمی نەتەوەیی کۆی ئەو بارودۆخەیە کە بە پێوەرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان و بە بەراورد لەگەڵ ناوەند، ناوچەی نەتەوە غەیرەفارسەکان ستەمیان لێ دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە. تایبەتمەندیی ناوەندگەرایی و دەوری یەکلاکەرەوەی ئیدیۆلۆژی ناسیۆناڵیزمی ئێرانی، وای کردووە کە ناسنامەی ناوەند دژ بە ناسنامەی ئەوانی تر بێت. لەم سۆنگەوە هەر بڕیار یان پرۆسەیەک کە لە ناوەندەوە بەرەوڕووی بوون و مانەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە بووەتەوە، ڕاستەوخۆ ناسنامە و ئاسایشی ئەوانی کردووەتە نیشانە. لە درێژەی ئەم کۆنفرانسەدا، بەرپرسی ڕێکخراوی فەرانسەویی «بەرەنگاری دژی سزای ئێعدام» و نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەبارەی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران قسەیان کرد. ئەم کۆنفرانسە بە هاوکاریی فراکسیۆنی «ڕینیوو ئورووپا» و «کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران- ژێنێڤ» بەڕێوە چوو. ئەو کۆنفرانسە لە میدیا «کوردی، فارسی و بیانی»یەکاندا دەنگی دایەوە. لەو کۆنفرانسەدا هەر کام لە میدیاکانی بەشدار بە شێوەی چرووپڕ ڕووماڵی ئەو کۆنفرانسەیان کرد و باسیان لە گرینگیی ئەو کۆنفرانسە دەکرد کە لەبارەی دۆخی نەتەوەکانی ئێران بەڕێوە چووە.

## مستەفا هیجری: ئیدئۆلۆژیی ناسیۆناڵیزمی ئێرانی، ناسنامەی ناوەندە دژ بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران

لە دوای کۆنفرانسێک کە لە ناوەندی یەکیەتیی ئورووپا بەنیسبەت دۆخی نەتەوەکانی ئێران بەڕێوە چوو، میدیاکان لەگەڵ «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژیان کرد.

لە کۆنفرانسی دۆخی نەتەوەکانی ئێران لە یەکیەتیی ئورووپادا، یەکێک لەو پرسیارانە کە میدیاکان بەرەوڕووی نوێنەرانی بەشدار لەو کۆنفرانسە و بەتایبەتی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات دەکرایەوە، ئەوە بوو کە ئایا حیزبی دێموکرات «تەجزیە تەڵەبە» یان نا. هەواڵدەریی «دۆیچەولە»ی ئاڵمان لە وتووێژ لەگەڵ «هیجری» ئەو پرسیارەی هێناوەتە گۆڕێ کە ئایا ئێوە کە دەڵێن نەوەتەکانی ئێران لەدوای دابینکردنی مافی چارەنووسی خۆیانن بە هەر شێوەیەک کە بکرێت، «تەجزیەتەڵەب»ی نییە.

«مستەفا هیجری» لە وڵامی ئەو پرسیارەدا باسی لەوە کرد: ‹ئەو قسەیە تۆمەتێکە کە لە ئێمەی دەدەن. ئەوە بۆ ئەوەیە هەتا «ملییەت هەراسی» لەنێو ئێراندا دروست بکەن. ناوی ئێمە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ـە. میدیاکانی «ڕووداو، ئێن.ئارِ.تی، بی.بی.سی، ئێران ئینتێرنەشناڵ، دۆیچەولە، فرانس ٢٤» و چەندین میدیای کوردی، فارسی و بیانی لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون. هەر کام لەو میدیایانە بە شێوەی جیاواز وتووێژیان لەگەڵ «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات کرد.

حیزبی دێموکرات کە بەفەرمی بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە کرابوو و لەبارەی دۆخی نەتەوەی کورد لە ئێراندا قسەی کرد، ناوەڕۆکی باسەکە ئەوە بوو کە ڕێژیمی ئێران بە سیاسەتێک کە دژی نەتەوەکانی ئێران گرتوویەتە بەر، تەنیا هەوڵی سڕینەوەی نەتەوکانی ئێران دەدات. «هیجری» لە وتووێژ لەگەڵ میدیاکاندا جەختی کردەوە کە نەتەوکانی ئێران لەسەر بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێت، پێداگرن.

## لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی سێنای بێلژیکی کرد

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ئورووپا، پاش کۆنفرانسی «داهاتووی گرووپە ئێتنیکییەکان لە ئێران»، لەگەڵ «مارک دێ مێسمارکر»، سێناتۆری بێلژیکی دیداری کرد. «هیجری»، کە بە مەبەستی بەشداری لە کۆنفرانسێک لە پارلمانی ئورووپا، سەردانی وڵاتی بێلژیکی کردووە، ڕۆژی هەینی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٨، دیدارێکی لەگەڵ سێناتۆر «مارک دێ مێسماکر» پێک هێنا. لە دیدارەکەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر دواپێشهاتەکانی کوردستان و ئێران خستە بەر باس و تاوڕی لە پرسی کورد لە ئێستای ئێراندا دایەوە. لەم چوارچێوەدا زیاتر تیشک خرایە سەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە و ئەو تاوانانەی کە ڕێژیمی ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان و ئێران ئەنجامی داوە و هەروەها ئاماژە بە ژمارە و لێکەوتەکانی سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانەی ئێران و کوردستان کرا.

ئەوەی کە بۆ سێناتۆر «مێسماکر» جێگای ڕاوەستەکردن بوو خستنە ڕۆژەڤی ئەو بابەتە بوو کە چۆن وڵاتانی ئورووپایی دەتوانن هاوکار و ڕێگر بن لە سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئێران، بەو مانایە کە وڵاتانی ئورووپایی وەک ئەندامە جیاوازەکان دەتوانن بەربەستەکان بۆ ڕێژیم زیاد بکەن. «مستەفا هیجری» لەو ڕەهەندەوە کە چۆن ڕێژیمی ئیسلامی بەرانبەر بە ویستەکانی خەڵک و سەرەڕۆییەکان لە ناوچەکەدا ناچار بە پاشەکشێ بکرێت، بیر و بۆچوونی خۆی خستە بەر باس. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب داوای کرد سێنا بە هاوکاریی پارلمانی فێدراڵی بێلژیک بەرانبەر بە ڕێژیمی ئیسلامی جیددی بن تاکوو ئەم ڕێژیمە پاشەکشێی پێ بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵە پێشنیارێکی پێشکەش کردن. لە هەمان کاتدا داوای کرد کە پشتیوانی خەڵک و هێزە دێموکراسیخوازەکان لە ئێران و کوردستان بن.

## حیزبی دێموکرات و پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە کۆ بوونەوە

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ سکرتێری پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە (الوحدە) کۆ بووەوە و جەختی کردەوە کە حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوا دەکات. ڕۆژی هەینی ٢٢ی سەرماوەز، «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بێلژیک، لەگەڵ ماموستا «مەحیەدین شێخ ئالی»، سکرتێری پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە (الوحدە) کۆ بووەوە. لەو دیدارەدا، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی کرد. «هیجری» لەسەر گرینگیی پێوەندی و بیروڕاگۆڕینەوە لە نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان جەختی کردەوە. لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانی و هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هاونیشتمانییانی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا، هیوای خواست یەکڕیزی و تەبایی پارت و لایەنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا ببێتە هەوێنی گەیاندنی کورد لەو بەشەی کوردستان بە هەموو ماف و ئازادییەکانیان. «هیجری» گرینگترین هەنگاوی بە کردەیی کردنی ئەو ئاواتەی لە یەکڕیزی و تەبایی هێز و لایەنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان پێناسە کرد. لەو دیدارەدا، «مامۆستا مەحیەدین»، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر ڕەوشی کوردستانی ڕۆژئاوا خستە بەر باس و هەنگاوە نێونەتەوەیی و کوردستانییەکان بە مەبەستی دروستکردنی هاودەنگی لە نێوان پارت و لایەنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوای بە ئەرێنی وەسف کرد.

## ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب بەرز ڕاگیرا

لە یەکەمین یادی ناودێرکردنی ڕۆژی ١٦ سەرماوەز، وەکوو ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات، لە بنکەی سەرەکیی حیزبیدا و بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی ناسراو، سێمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە کەمئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو. ڕۆژی شەممە، ١٦ی سەرماوەز، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کەمئەندامان، کادر و پێشمەرگە و میوانان سێمینارێک بەبۆنەی ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبەوە بەڕێوەچوو. ئەم سێمینارە لە سێ بڕگەدا بەڕێوەچوو. لە بڕگەی یەکەمدا، «لوقمان مێهفەر»، ئەندامی هەیئەتی ئیجرائیی ناوەندی سیاسیی حیزب سەبارەت بە کەمئەندامانی حیزب چەند وتەیەکی پیشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا وێرای ئاماژە بە کەسانێک کە لە مەیدانی خەباتدا بەسێک لە ئەندامانی جەستەی خۆیان لە دەست داوە وتی: بەندکراوانی سیاسی یان ئەو کەسانەی کە بەدیل گیراون، ئەو کەسانەی کە لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا لە ئاکامی هێرشی فڕۆکە و تۆپبارانـدا ئەندامی خۆیان لە دەست داوە، کەسانێک کە لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا، کەوتوونەتە سەر مین و ئەندامیان لە دەست داوە هەموویان وەکوو کەمئەندام بەئەژمار دێن و دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێت. دواتر، «شێرکۆ شێخ نووری» جێگری کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و وێرای ڕێزگرتن لە خەباتی حیزبی دێموکرات و قوربانیدانی حیزب، وتی: کەسانێک کە بۆ بەرگری و لە پێناودا خاکدا ئەندامێکیان لە دەست دەدەن، کەمئەندام نین و جێگای ڕێز و حورمەتن. لە بڕگەی کۆتاییدا، «عەلی ئەشرەف مەجیدی» فەرماندەی دێرینی حیزب، وێڕای دەستخۆشی لە حیزب بۆ ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە و هەروەها باس کردن لە هەوڵەکانی حیزب بۆ ناردنی برینداربووانی ڕەوتی خەبات بۆ دەرەوەی وڵات و وەرگرتنی چارەسەر باسی لەوە کرد کە دەبێ ئاوڕی زیاتر لە کەمئەندامان بدرێتەوە . لە ڕۆژی ١٣ی سەرماوەزی ٩٧دا ، ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک لە ساڵڕۆژی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ٦٦دا، ڕۆژی تێرۆرکرانی کاک «مەلا حەسەن شیوەسەڵی»ی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کرد و ئەمساڵ ئەمە یەکەمین کۆڕی ڕێزگرتن لە کەمئەندامانی ڕەوتی خەبات بوو کە لە بنکەی سەرەکیی حیزبدا بەڕێوەچوو.

## شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی پەیغەمبەری ئاشتی بەرز ڕاگیرا



ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ بەرزڕاگرتنی شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد، دوکتورعەبدولرەحمانی قاسملوو، بەڕێوە چوو. ڕۆژی هەینی، ٢٩ی سەرماوەز، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی بۆ یادکردنەوەی شەوی لەدایکبوونی ڕێبەری زانانی گەلی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، بەڕێوە برد. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر پەیامی یەکیەتیی لاوان بەبۆنەی شەوی یەڵداوە لەلایەن «سامان سەیدئەحمەدی»یەوە خوێندرایەوە. لە بڕگەی دواییدا، مۆمی ٨٩ ساڵەی لەدایکبوونی دوکتوری زانا، لەلایەن «بێریڤان حەیدەری» و «چالاک ئیسماعیلی»، یادگارەکانی شەهیدان «شەهاب حەیدەری» و «جەماڵ ئیسماعیلی»یەوە هەڵگیرسا. دواتر، کاک «میرۆ عەلیار»، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزب، سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی ئەو یادە، باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا ٥٩ ساڵ تەمەنی درێژەی کێشا، بەڵام ژیانێکی پڕبەرهەمی بوو کە دەکرێت چەندین کتێبی لەسەر بنووسرێت. «عەلیار» هەروەها بە ئاماژەدان بە تایبەتمنەدیگەلێکی وەک خاکەڕابوون، سەربەست بوون، مۆدێرن بوون، بیرمەند بوون و چەندین تایبەتمەندیی دیکەی دوکتور قاسملوو، باسی لەوە کرد کە دەبێ بۆ ناسینی ئەم ڕێبەرە نەمرە، لەسەر هەر کام لەو تایبەتمەندییانەی سێمیناری جیاواز بگیردرێت. ناوبراو هەروەها وتی: «دوکتور قاسملوو مرۆڤ بوو، بە هەموو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەکانی دیکەوە، بەڵام مرۆڤێکی گەورە». نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا بە چەندین شێعر و گۆرانی، چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ و بەڕێوەبردنی کیبڕکێ ڕازێندرابوویەوە. لە بڕگەیەکی دیکەدا لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بەو کەسانە کرا کە لە بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکیەتیی لاواندا یارمەتیدەر و هاوکار بوون. ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

## نەسرینی کوردان، پیرۆزبایی لە پێشمەرگە کرد

خوشکە نەسرین، هاوسەری وەفاداری شەهیدی ڕێبەر، دوکتور قاسملووی نەمر، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە، پەیامێکی ڤیدیۆیی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە: ڕۆژی باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆز بێت.

پێشمەرگە بوون، وەکوو زاڵبوونی مرۆڤ لە ڕێگای خزمەت بە نەتەوەکەی بەسەر مەرگدایە. ڕەسەنایەتیی پێشمەرگە و گەورەیی فیداکاری و گیانفیدایی پێشمەرگە، لەوەدایە کە هیچ قازانجێکی تاکەیی و تایبەتی تێدا نییە. بوون و نەبوونی حیزبە کوردییەکان لە بوون و نەبوونی پێشمەرگەدایە. ئایا پێویست دەکات بڵێین کە ئاشتی باشتر لە شەڕە؟ سەرەڕای ئاشتیخوازبوونی کورد، ستەم و سەرەڕۆیی و توندوتیژیی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان هیچ ڕێگایەکی نەهێشتووەتەوە جگە لەوەی کە پێشمەرگەی کوردستان بەرەنگاری داگیرکەران ببێتەوە. لە ڕوانگەی یاساییەوە، داگیرکاری بە مانای «دەستداگرتن بەسەر مافە لە ڕێگەی شەڕەوە». مەگەر جگە لەوەیە کە ڕێژیمە فاشیستەکان، بە شێوەیەکی شەڕەنگێزانە، بە ناحەق و ناڕەوا دەستیان بەسەر مافی نەتەوەی کورددا گرتووە؟

چەککردنی فاشیست، نەهێشتنی زاڵبوونی شەڕەنگێزانە بەسەر کوردستاندا و گەیشتن بە ئاشتیی ئابڕوومەندانە، تەنیا لە سێبەری خەباتی سەرکەوتووانەی پێشمەرگەدا دێتەدی. ئارمانشاری خەباتی ئاشتیخوازانە بە دڕندەیی وەلی فەقیهی فاشیست، سەراوە.

**بژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**نەسرین قاسملوو**

# بەبۆنەی ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب، چالاکیی تەبلیغی لە کوردستان بەڕێوە چوو

ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی، ڕێزیان لە ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات گرت و بەپیریی ڕۆژی پێشمەرگەوە چوون. ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٥ی سەرماوەز، وەفادارانی دێموکرات لە گوندی «ئیبرایم ئاوا»، سەر بە شاری بۆکان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێر و سی.دیی تایبەت بە ١٦ و ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەرز ڕاگرت و بەپیریی ڕۆژی پێشمەرگەوە چوون. لەو چالاکییەدا قارەمانانی دێموکرات، بە بڵاوکردنەوەی سروود لە مزگەوتی گوندەکە ترسیان خستە دڵی جاش و خۆفرۆشانی ئەو گوندەوە. هەروەها بە بڵاوکردنەوەی سی.دی و پووستێر لەگەڵ گوڵی سوور لە نێوماڵەکانی ئەو گوندەدا بوون بە مایەی خۆشحاڵیی خەڵک. هەروەها شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی سەرماوەز، جامانە لەملانی دێموکرات لە پیرانشار، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بە ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەمەگناسیی خۆیان بەرانبەر بە کەمئەندامانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەربڕی.

ئەو شوێنانەی چالاکیی لێ کرابوون بریتین لە: «پەسوێ خیابانی موعەلیم، قوتابخانەی تەوحید، هۆڵی وەرزشی، جاددەکانی کانی مەلا و کانی بداغ، جاددەی خورینج و کێلەسیپان». هەر لەو پەیوەندییەدا، شەوی پێنجشەممە، ١٥ لە سەر ١٦ی سەرماوەز، چاوەترسانی دێموکرات لە شاری شنۆ، ڕێزیان لە ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات گرت و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژە، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی گیانفیدایانی ئازادی سەلماند. ئەو شوێنانەی چالاکییان لێ کرابوون بریتی بوون لە: «گەڕەکەکانی سەلیم ئاوا، ڕەحیم ئاوا، شاکرئاوا، گەڕەکی گاوداران و گەڕەکی مام تەمر».

# ماموستا «حەسەن شیوەسەڵی» سپاسنامەیەکی ڕوو لە حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە

ئەندامی ڕێبەریی حیزب و تێکۆشەری ناسراوی کوردستان، ماموستا «حەسەن شیوەسەڵی» بەنیسبەت یەکەمین ساڵیادی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب، سپاسنامەیەکی ڕوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کردەوە. ماموستا «حەسەن شیوەسەڵی» تێکۆشەری ناسراو و دێرینی کوردستان و ئەندامی ئیفتخاریی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە پەیامێکی دەنگیدا ڕوو لە حیزبی دێموکرات، ئەندامانی ڕێبەرایەتی، سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکرات، کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان، کەمئەندامانی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی حیزب، سپاسی خۆی بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە دەربڕی. ناوبراو لەم پەیامەدا بڵاوی کردووەتەوە، بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز و پێداگرتنەوەی ڕێبەرایەتیی سەربەرزی حیزبی دێموکرات لەسەر بە فەرمی ناساندنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی شەرعی و یاسایی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ هەموو لایەک هەیە و ئاواتەخوازی ساغی و سڵامەتی و پارێزراوبوونتانم.

سڵاو و حورمەتی دووبارە بۆ هەموو لایەکتان

**ماڵباتی حەسەن شیوەسەڵی**
**١٧ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# دەورەی ٢٤٠ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات



پۆلێکی دیکە لە کیژان و کوڕانی شۆڕشگێڕ، دوای تێپەڕکردنی دەورەی سەرتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پۆشی.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی سەرماوەز، دەورەی ٢٤٠ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوە چوو و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ و دەروەستی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە بوون و چەکی بەرگری لە خاک و شەرەفیان لە شان کرد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورە لەلایەن یەکێک لە ماموستاکانی فێرگە، خوێندرایەوە و کار و چالاکییەکانی ئامووزشیی دەورە بۆ بەشداران خوێندرایەوە. پاشان نەفراتی یەکەم هەتا سێهەم لە بواری نەزم و دیسیپلین و وانەکان کە پلەیان بەدەست هێنابوو، خەڵات کران.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی «شێرزاد خانی کەلهوڕ»دا بەشداریی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، لە پرسەی «شێرزاد خانی کەلهوڕ»دا بەشداریی کرد و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کەسایەتییە دەربڕی. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی سەرماوەز، لە مزگەوتی «نانەکەلی»ـی هەولێر، ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی «شێرزاد خانی کەلهوڕ»، گەورە ئێڵخانی ئێڵاتی کەلهوڕ، بە بەشداریی کەسایەتییە ناسراوەکانی بنەماڵەکەی و ئێڵی کەلهوڕ بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا بەرپرسانی حیزبی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا بەشدار بوون. لەم ڕێوڕەسمەدا شاندێکی حیزب بە سەرپەرەستیی «محەممەد نەزیف قادری»، بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی کرد. شاندی حیزبی دێموکرات پەیامی هاودەردیی لێپرساوی گشتی و ڕێبەریی حیزبی پێشکەش بە بنەماڵەی بەڕێز شێرزاد خانی کەلهوڕ کرد و هاوخەمیی هاوڕێیانی حیزبیی لەگەڵیان دەربڕین. بەشداریی شاندی حیزب لەم پرسەیەدا لەگەڵ پێشوازی و سپاسگوزاریی بنەماڵەی ناوبراو ڕووبەڕوو بوویەوە. ئێڵی کەلهوڕ یەکێک لە ئێڵە ناسراو و بە هەڵوێستەکانی نەتەوەی کوردە کە بە درێژایی مێژوو لە بەرامبەر ڕێژیمە دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەرەکانی ئێران هەڵوێستی بوێرانەیان گرتووە و داکۆکییان لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان کردووە و شانازییان بە کورد و کوردستانەوە کردووە.

# شاندێکی کەنەکە سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد

لە دیداری شاندی کەنەکە لە دەزگای پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات، پرسی کورد و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە تاوتوێ کرا. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٠ی دیسامبری ٢٠١٩ی زایینی شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (KNK) بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد قەرەمووسی، هاوسەرۆکی کەنەکە و شەهلا حەفید، جێگری هاوسەرۆکی کەنەکە، سەردانی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانییان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی محەممەد نەزیف قادری، جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. لە سەرەتای ئەو دیدارەدا بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان بە گەرمی بەخێرهاتنی شاندی میوانی کرد. شاندی میوانیش وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لەو دیدارە، مێژوو و ڕابردووی حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبیان بە بەشێک لە سەروەرییەکانی نەتەوەی کورد زانی. پاشان ڕێزدار ئەحمەد قەرەمووسی، هاوسەرۆکی کەنەکە کورتەیەکی لەسەر خەبات و چالاکییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێشکەش کرد و ڕایگەیاند مەبەستیان لەو سەردانە شرۆڤەی هاوبەشی ئاڵوگۆڕەکان و دیتنەوەی ڕێگاچارەی کێشەکانی سەر ڕێگای کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانە. دواتر محەممەد نەزیف قادری، وێڕای ئاماژە بە بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆنگرەی پێشووی کەنەکەدا هاوکاری و هاوهەڵوێستیی هەموو لایەنەکانی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی خەباتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە گرینگ و پێویست لە قەڵەم دا. بەڕێزیان هەروەها باسێکی لەسەر شرۆڤەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و جیهان و شوێندانەرییان لەسەر پرسی کورد بەگشتی و هەروەها شیکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی و ئاڵوگۆڕە پێوەندیدارەکان بەو پرسەوە پێشکەش کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەی داهاتووی کەنەکە خواست.

پاشان ڕێزدار ئەحمەد قەرەمووسی وێڕای ئاماژە بە دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەم دۆزی ڕەوای کورد کە هەنووکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕۆژەڤدان، ڕایگەیاند پێویستە بە یەکدەنگی و لە ژێر چەترێکی ستراتیژیکی نیشتمانیی گشتگیردا بەرەوڕوویان ببینەوە کە کۆنگرەی داهاتووی کەنەکە لە ڕاستیدا لە سۆنگەی هەستکردن بەو پێویستییانە و وەڵامدانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە هەنگاو هەڵدەگرێت. بەڕێز قەرەمووسی هەروەها ڕایگەیاند: ئێمە بە مەبەستی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە کار و چالاکی و پێوەندییەکانمان، پێمان خۆشە لە تێڕوانینی حیزب و لایەنەکانی دیکە و پێشنیارەکانیان بۆ کۆنگرەی داهاتووی خۆمان ئاگادار بین و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا بە ڕێنوێنییەکی گرینگ و پڕبایەخ دەزانین.

# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، سێمنیارێک بەڕێوە چوو

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی سەرماوەز، سێمینارێکی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو پەنێلی جیاوازدا بەڕێوەچوو. سەرەتای سێمینارەکە بە ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. لە پەنێلی یەکەمدا، «کاوە بەهرامی»، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، لە ژێر ناونیشانی، «ئاوڕدانەوەیەک لە ٤٠ ساڵ تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە» باسی لە قارەمانەتیی پێشمەرگە کرد کە بە کەمترین ئیمکاکانی بەر دەستەوە چەندین جار دوژمنی تووشی شکستی گەورە کردووە. بەهرامی لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە قۆناغە جیاوازەکانی خەبات، قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی بە وڵامێک بۆ ئەو کەسانە ناو برد کە باسیان لە نەمانی حیزبی دێموکرات دەکرد و وتی: «هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێک نییە کە بە چۆکدا بێت». لە پەنێلی دووهەمدا، «غالب حەبیبی»، کادر سیاسیی دەزگای فەرماندەیی هیزی پێشمەرگە لە ژێر ناوی» پێشمەرگە هیوای نەتەوەیەک»، باسی لەوە کرد کە ڕاسان لە قۆناغی پێناسەوە تێپەڕ بووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە کارکەردی پێشمەرگە پێناسە بکرێت. حەبیبی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، باسی لە کارکەردی ڕاسان کرد و هاتنەگۆڕی چالاکیگەلێک لە بواری مافی ژنان، ژینگەپارێزی، مافی منداڵان، زمانی کوردی، کاروباری سیاسی و گرێدانی خەباتی شار و شاخی بەو هۆیەوە زانی. ناوبراو لە قسەکانیدا وتی: «کارکردی سەرەکیی پێشمەرگە ئەوەیە کە دەبێ مەودا و بەستێنێک درووست بکات کە هەموو حیزب و بیرێک بتوانێ چالاکی بکات بەڵام نە بەو مانایە کە لە بیروبۆچوونی سیاسی داینماڵێت.» بڕگەی کۆتایی سێمینارەکە بە پرسیار و تێبینییەکانی بەشداربووان و وڵامی کۆڕگێڕەکان کۆتایی پێهات.

## درێژەی پەیف

نوێ. بەو مانایە کە ئیدی پێشمەرگە تەنیا و بە تەنیا مرۆڤێکی هەقیقی نیە کە ڕەنج هەڵدەگرێ و ئەرك وەئەستۆ دەگرێ، ئێستە پێشمەرگە براویە و ڕژاوەتە نێو دەروونی خەڵکەوە. هەر بۆیە پێشمەرگەبوون تەنیا لە چەك هەڵگری شاخدا قەتیس نەماوەتەوە و هەموو شەپۆلانی جەماوەری کوردستان دەگرێتەوە. پێشمەرگەبوون ڕەمز و هێمای پێکەوەبوونی نەتەوەییە کە لە ئیرادەی شۆڕشگێڕیی خەڵکدا شکڵ و جسم دەگرێ. ڕوانینی نوێ بۆ پێشمەرگەبوون، بریتیە لەو ئیرادیە کە لە هەر ئان و ساتێکدا بە هێماوەرگرتن لەو وێنە کە لەسەرەتاوە باس کرا، بەڕووی دوژمندا هەڵدەچێ و ئەرکی خەبات تەنیا بۆ چەن کەسێك تایبەت جێ ناهێڵێ بەڵکوو هەموو تاکێك ورە و بڕوای بوون بە پێشمەرگەی تێدا ئامادەیە و هەموو کۆڵانێکی کوردستان دەتوانێ ببێ بە سەنگەرێکی پێشمەرگە. کۆچی ڕۆڵە ئازا و بەهەڵوێستەکانی نیشتمان لە نێو کۆمەڵگا بەرەو چیا، لە شکڵی ئیرادەیەکی گشتگیر و خەباتکارانەدا پێچەوانە دەبێتەوە و دادەگەڕێتەوە بۆ نێو دڵی شار بۆ بەگژدا چوونەوەی داگیرکاری و سوپای تاوان.

# ١٤یەمین فێستیڤاڵی پێشمەرگەی کوردستان کۆتایی پێهات

١٤یەمین فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە دروشمی « پێشمەرگە شکۆی کوردبوونە» بەڕێوەچوو. مەبەستی فێستیڤاڵەکە فێرکردن و ڕاهێنانی پێشمەرگە بە چەکی هزری و نیزامی بوو و لە سێ بەشی سیاسی، نیزامی و وەرزشیدا بەڕێوە برا کە کێبڕکێی ناوەندی چالاکییەکان بوو. ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، لەنێوئاخنی ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، کۆتاییهاتنی ١٤ـیەمین فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش ڕاگەیەندرا و خەڵات بەسەر سەرکەوتووانی فیستیڤاڵەکە دابەش کرا. ئەم فستیڤاڵە لە سەرەتای پاییزی ئەمساڵدا دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و پاش پەسندکردنی گەڵاڵەی پێشنیاری هەیئەتی بەڕێوەبەری لەلایەن دەزگای فەرماننددەییەوە، بڕگە و بابەتەکانی فستیڤاڵ بە هەموو هێز و ئۆرگانەکانی سەر بە دەزگای فەرماندەیی پێشمەرگە ڕاگەیەندرا.

ئەم فێستیڤاڵە لە سێ بەشی سیاسی، نیزامی و وەرزشیدا بەڕێوە چوو کە مادده دەرسییەکانی بەشی سیاسی بریتی بوون لە: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، مێژووی حیزب، ناسینی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، فێدراڵیزم، دێمۆکراسی، بەرابەری ژنان، وتارنووسی، شێعر و پەخشان، تێستی هووش. بەشی نیزامی لە تیرهاوێژی و کردنەوە وهەڵخستنی چەکەکانی کلاشنیکۆف، دەمانچە، بیکەیسی، قەناسە، ئەمنییەت، ڕەزمی ئینفیرادی، فەرماندەیی ، مودیرییەت و چەکناسی پێکهاتبوو. هەروەها بەشی وەرزشی پێکهاتبوو لە شاخەوانی، فووتساڵ، والیباڵ، هەڵاتنی خێرا، شەترەنج، دامە و پینگ‌پۆنگ. کێبڕکێی ئەم فێستیڤاڵە بە یاریی «فووتساڵ» و لە ١٤ی خەزەڵوەردا دەستێ پێکرد و بە وانەی «بەرابەریی ژنان» لە ٢٠ی سەرماوەزدا کۆتایی پێهات.

دوایین بڕگەی ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە خەڵاتکردنی سەرکەوتووانی تاقیکارییە سیاسی، نیزامی و وەرزشییەکان کۆتایی پێهات.

# تەرمی شەهیدی ڕێی نان بە بەشداریی هەزاران کەس بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا

تەرمی ڕەقهەڵاتووی کۆڵبەری ونبوو، «فەرهاد خوسرەوی» دۆزرایەوە و بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی مەریوان و گوند و شارەکانی دەوروبەر، لە تەنیشت گۆڕی برا شەهیدەکەی، بە خاک ئەسپێردرا.

دوای چند ڕۆژ لە ونبوونی کۆڵبەرێکی تەمەن ١٤ ساڵەی خەڵکی گوندی نێی مەریوان بە ناوی «فەرهاد خوسرەوی»، تەرمەکەی بە ڕەقهەڵاتوویی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە لە ملەی «تەتە»ی هەورامان دۆزرایەوە. «فەرهاد» و «ئازاد» برای، شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی سەرماوەز، لە کاتی کۆڵبەریدا و لە ملەی «تەتە»ی هەورامان، بەهۆی سەرما و سۆڵەوە لەیەک دابڕان کە ڕۆژی دوایی تەرمی «ئازاد» دۆزرایەوە. پاش ٤ ڕۆژ گەڕانی بەردەوامی هەزاران کەس لە خەڵکی مەریوان و گوند و شارەکانی دەوروبەر بە دوای «فەرهاد»، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی سەرماوەز، تەرمی ڕەقهەڵاتووی ناوبراویش دۆزرایەوە. لە هەمان ڕۆژدا، تەرمی «فەرهاد»ی شەهیدی ڕێی نانیش، بە بەشداریی هەزاران کەس، لە شارەدێی «نێ»، لە تەنیشت گۆڕی «ئازاد»، بە خاک ئەسپێردرا. لە ڕێوڕەسمی بەخاک ئەسپاردنی ئەم کۆڵبەرە مێرمنداڵەدا، خەڵکی تووڕەی مەریوان و کوردستان چەندین دروشمیان دژی ڕێژیمی ئیسلامی و سپای تێرۆریستی پاسداران وتەوە و داگیرکەریان بە هۆکاری سەرەکیی گیانلەدەستدانی کۆڵبەران لە سنوورەکانی کوردستان زانی.

# مستەفا هیجری:
# بۆ ئێمە تێکەوەپێچانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئامانجێکی جیددییە

## دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## لە کۆنفرانسی تایبەتی یەکیەتیی ئوورووپا بۆ پرسی نەتەوەکانی ئێران

## ئێمە و ئەوانی تری حکوومەتی ئێران




ئێران جوغرافیایەکی فرەنەتەوەی هەیە و لانیکەم شەش نەتەوەی گەورە و چەند کەمینە و پێکهاتەی دیکەی تێدا نیشتەجێن. هەر کام لەم نەتەوانە خاوەنی خاک و نیشتمانی خۆیانن. نەتەوەی کورد، یەک لەم نەتەوانەیە کە نزیک بە ١٠٪ ی دانیشتووانی ئێران پێک دێنێ و لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام و بەشەکانی دیکەی ئەم جوغرافیایەدا نیشتەجێن. ئەگەرچی ئەم نەتەوانە لە ڕوانگەی سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانەوە بە کەمینە ئەژمار دەکرێن، بەڵام لە سەر یەک، زۆرینەی دانیشتووانی جوغرافیای ئێران پێکدێنن. سەرەڕای فرەچەشنی و فرەنەتەوەبوونی ئێران، پێکهاتەی حکومەتی ئێستا و پێشووتر، لەگەڵ ئەم فرەییە یەکانگیر نەبووە. ئەوەی هەبووە نکۆڵی لێکردن و سڕینەوەی ئەم جیاوازییانە بووە. دەسەڵات لە ناوەند لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە قۆرغ کراوە و لە هاوکێشەیەکی بەناو ناوەند-پەراوێز، پرسی فرەنەتەوەیی لە ئێران هیچ کات لە دەستووری بنچینەیی و گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا جێگەیەکی نەبووە. بەڵکوو بە کێشەیەکی هەستیار و پرسێکی ئەمنیەتی لێکدراوەتەوە. هەمیشە لە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا مەبەست لە «ناوەند»، نەتەوەی باڵادەستی فارس بووە کە نەتەوە بندەستەکان بە «ئەوانیتر»ی خۆی وەسف دەکات.

بەڵام کوردستان بەهۆی پێشینەی ئازادیخوازی و ئاستی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی، هەر لە دەستپێکی سازبوونی و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە، بووەتە مەیدانی بەرگری، کە لە یادەوەریی مێژووە پرشنگدارەکەی بە سەنگەری ئازادی دەناسرێتەوە. خومەینی لە ١٩ی ئاگۆستی ١٩٧٩، فتوای جیهادی لە دژی کورد دەرکرد کە تاکوو ئێستاش بەردەوامە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتە، مەترسی جیددی لە سەر ناسنامە و ئاسایشی نەتەوەیی کورد دروووست کراوە کە چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێ. ئەگەرچی ستەمی نەتەوەیی لە هەموو نەتەوە بندەستەکان دەکرێ، بەڵام لە کوردستان ئەم ستەمە چەندقات زیاترە. لە چوارچێوەی ستەمی نەتەوەییەدا، ناوچەی نەتەوە غەیرە فارسەکان، سیمای جوغرافیای سەرکوت و داگیرکراوی بە خۆوە گرتووە. مەبەست لە ستەمی نەتەوەیی کۆی ئەو بارودۆخەیە کە بە پێوەرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان و بەبەراورد لەگەڵ ناوەند، ناوچەی نەتەوە غەیرەفارسەکان ستەمیان لێ دەکرێ و دەچەوسێندرێنەوە. تایبەتمەندی ناوەندگەرایی و دەوری یەکلاکەرەوەی ئیدیۆلۆژی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، وای کردووە کە ناسنامەی ناوەند دژ بە ناسنامەی ئەوانیتر بێت. لەم سۆنگەوە هەر بڕیار یان پرۆسەیەک کە لە ناوەندەوە بەرەوڕووی بوون و مانەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە بووەتەوە، ڕاستەوخۆ ناسنامە و ئاسایشی ئەوانی کردۆتە نیشانە. دەسەڵات لە ئێراندا مانایەکی نادێموکراتیک، خۆسەپێنەر و داگیرکەری هەیە و بەردەوام هەوڵی داوە سەرجەم سامان و سەرچاوەکانی ناوچە نەتەوەییەکان تاڵان و کۆنترۆڵ بکات.

دژایەتیکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، سەرکوتی سیستماتیک، نەبوونی دەرفەتی چالاکیی سیاسی و یاسایی، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و سەرچاوەکانی کوردستان و ڕاگواستنیان بەرەو ناوەند، کۆچی زۆرەملێی دانیشتووان و هەوڵ بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان، هێنانی بەلێشاوی کاربەدەست و بەرپرسی ئیداری و بەڕێوەبەری ناخۆجێیی سەر بە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەکان، پەراوێزخستنی نوخبەی کورد، کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران و کاسبکاران و کردنە ئامانجی ژینگەپارێزان و چالاکانی مەدەنی و چالاکوانانی مافەکانی ژنان، لە سێدارەدان و زیندانی و بێسەروشوێنکردنی چالاکان و تێکۆشەرانی کورد، گواستنەوەی سەرچاوەکانی ئاو، تێکدانی ژینگە و سووتاندنی دارستانەکانی داوێنی زاگرۆس، مینڕێژکردنی ناوچە سنوورییەکان، میلیتاریزەکردنی شار و گوندەکان، ئەمنیەتی کردنی ئیدارە، خوێندنگا، مزگەوت و شوێنە گشتییەکان، نموونەگەلێکن کە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە بە تەواوی مانا، پێوەندییەکی داگیرکاری و چەوساندنەوە بە سەر کوردستاندا زاڵە. پەیڕەوکردنی سیستمی پەروەردە و ڕاگەیاندنی ئیدیۆلۆژیک، لەپێناو جێخستنی ئەو بیرۆکەدایە کە ئێران یەک نەتەوەیە و نەتەوەکانی دیکە قەوم و وردەفەرهەنگن. ئاسمیلەکردنی زمان، مێژوو، ناسنامە، دابونەریت و بەگشتی هەوڵی شێواندن و تواندنەوەیان کە لە میدیا، کتێبی دەرسی، شانۆ، سینەما و پرۆژە ئەمنیەتی و فەرهەنگییەکان ڕەنگی داوەتەوە خاڵی جێی سەرنج، سەقامگیربوونی سیاسەتی نکۆڵی کردن و چەوساندنەوە لە دەقی یاساکانی ئێراندایە. پێوەرێکی گرنگ کە لە ستەم و هەڵاواردنی چەندقات جێی سەرنجە، بابەتی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی پەیوەست بەم بوارەن.

لە سەردەمی هاوچەرخدا، ناوەند هەوڵی داوە وێڕای گۆڕینی دێموگرافیای ناوچە نەتەوەییەکان، لە ئاستێکی نزمی گەشەنەسەندوییدا ڕایانبگرێت و لە ستانداردەکانی ژیانی ئەمرۆیی بێبەشیان بکات.

داهاتێک کە لە ئابووری یەکبەرهەمی ئێران دابین دەکرێ و سامانی گشتیی ئەم وڵاتەیە، سەرفی پرۆژە ئەمنی و فەرهەنگی و سەربازییەکان دەکرێت کە ئەویش ئامانجەکەی بەربەست سازکردن لە ڕێگەی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە مافەکانیانە. ئامارە فەرمییەکانی خودی ڕێژیم پێوەرێکی دیکەیە بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردی ئەم ناهاوسەنگییە. بۆ نموونە، پارێزگای ئیلام لە بواری خۆسووتاندنی ژنان و دانیشتووانی لە ئاستی ئێراندا پلەی یەکەمی هەیە. پارێزگای کرماشان لە رووی بێکارییەوە پلەی یەکەمی هەیە. بە ڕێژەش بێت، شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاست ئەم دیاردانە و کۆمەڵێک قەیرانی دیکە بەبەراورد لەگەڵ تێکڕای ناوچەکانی دیکە زۆرترین پشکی بەرکەوتووە.

ستەمی نەتەوەیی لە ئێران لە سەر دوو جومگە خۆی ڕاگیر کردووە، یەکەمیان پێکهاتەی حکومەت و یاسا و دەسەڵاتەکەیەتی. دووهەمیان بەناو ئۆپۆزسیۆن، ڕۆشنبیر، ئاکادیمسییەن و تیۆرسییەنەکانی چەمکی ئێرانشار و شۆڤێنیزمی ئێرانییە کە گوتار و دەق بەرهەم دەهێنن و دەرخواردی دسەڵاتی ستەمکاری دەدەن تا پاساوێک بۆ زیاتر لە سەد ساڵ چەوساندنەوە ساز بکەن. تەنانەت بەشێک لە بەناو ئۆپۆزسیۆن زیاتر لەوەی کە کەڵکەڵەی ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاسی ئێستایان هەبێت، نیگەرانی بێ جێی دوارۆژی خاکی ئێرانن و ترسێکی شاراوە کە لە توێی نووسین، هەڵوێست و بۆچوونەکانیاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێ. دەرگای بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێرانی لە سەر پاژنەی سەروەریی یەک نەتەوە دەسوورێتەوە. هەر بابەتێک کە پەیوەست بێت بە مەیلی پاوانخوازانەی ئەوانەوە، نەتەوەیی، پێشکەوتوو و فەرمی هەژمار دەکرێ و لایەنی یاسایی پێدەدرێت. لەبەرامبەردا، ئەوەی پێوەندی بە ناوچە نەتەوەییەکانەوە هەبێت مەحەلی، دواکەوتوو، نافەرمی و بە نایاسایی هەژمار دەکرێت. شۆڤێنیزمی ناوەند، بە نەتەوەیی، خەڵکسالاری ئایینی، ناسیۆناڵیزمی ئێرانی و ناسیۆناڵیزمی مەدەنی مانا دەکرێتەوە. لە بەرامبەردا دەنگی ئازادیخوازی و بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی ئەوانیتر بە فێرقەگەرایی، قەومگەرایی، ناسیۆنالیزمی قەومی، ئاژاوەنانەوە، بەستراوەیی بە بێگانە، جوداییخوازی و تێپەڕبوون لە هێڵی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی ناوەندە لێکدەدرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەمە جەوهەری ڕاستەقینەی گوتاری ناوەندە کە لە تیۆریزەکردنی شۆڤێنیزمی باستانگەرای سەردەمی پەهلەوی و دواتر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ڕەگە مێژوویەکانی دیارە. لە کۆماری ئیسلامیدا، ئێرانی ئیسلامی ئەو چەمکە بووە کە بە ڕێی هێژمۆنی زمانی فارسی، خوێندنەوەیەکی تایبەت لە یەک ئایین و گەڕانەوە بۆ بەهاکانی شارستانیەتی ئیسلامی پێناسە کراوە و ئەدەبیات و دەقی تایبەتیان لە سەر بەرهەم هێناوە. ستەمی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا بە ڕێگەی دانانی سنوورەکانی نابەرابەری لە نێوان ناوەند و ئەوانیتر پێکهاتووە کە ڕەهەندی جوغرافییی، ئابووری، سیاسی، دامەزراوەیی، فەرهەنگی، زمانی، ژینگەیی و ئایینی هەیە. لەم ژینگە سیاسی و فکرییەدایە کە ڕێگەی گەیشتنی زۆرینە بە مافەکانیان لە لایەن کەمینەی فارسەوە بەربەستی بۆ دانراوە و بە توندترین شێوە دژایەتی دەکرێ. بێبەشکردنی نەتەوەکان لە مافەکانیان، سووکایەتی و دروست بوونی هەستی بێ مافی و چەوسانەوە، هەڵاواردن و سەرکوت بە شێوەی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، پێکهاتەیی و یاسایی سەقامگیر کراوە. کۆی ئەو هەلومەرجەیە کە دژایەتی، ناکۆکی و کەلێنەکانی نێوان ناوەند و نەتەوە بندەستەکانی بە پانتایی جوغرافیای ستەم و داگیرکاری درێژ و قووڵ کردووەتەوە. لەگەل ئەوەیکە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەلاقەی ناسنامەوە دەڕوانینە پرسی نەتەوەیی، بە ڕوانگەی ئیداری و مافی هاووڵاتی بوونیش بێت، هیچ دەرەتانێک بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە نەماوەتەوە. هەر بۆیە لە ڕوانگەی هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نەتەوەکەمان، لە سەر جەوهەر و ناوەرۆکی مافی نەتەوەیی خۆمان پێداگرین. زێهنیەتی بێ بنەما لەسەر جیاییخوازبوونی نەتەوەکان لە لایەن ناوەندەوە، قەیرانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ئەوانیتر پێکهێناوە. بەردەوام بوونی وەها هەلومەرجێک، پاڵنەرێکی سروشتی و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دەربازبوونی کورد و ئەوانیتر لەم دۆخە چەقبەستووە.

دۆخی ئێستا، بە تەواوی مانا دۆخی بنبەستە، بەو مانایە کە سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک قەیرانی تێکچرژاوی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و ئیداری، پرسی نەتەوەیی نەتەوەکان بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ناوەند بەرامبەر بەم پرسانە وڵامدەر نییە، بەڵکوو تەنیا بەرامبەر بە ئاسایش و بەرژەوەندییە پێناسەکراوەکەی، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ کە ئەنجامەکەی بووە بە هێشتنەوەی جوغرافیای سەرکوت و داگیرکاری کە نەتەوەکانی بندەستی لێ نیشتەجێن.

هەمووی ئەوانە و زۆری دیکە و پێداگری ناوەند لەسەر بەردەوام بوونی لەو سیاسەت و بەرنامە هەڵەدا ئەو ئاسۆیەی زۆر لاواز کردووە کە کورد و نەتەوەکانی دیکە بتوانن بە شێوەی ئاشتیخوازانە و دڵخوازانە لە ئێرانی یەکگرتوو و یەکپارچەدا بمێننەوە.

هەربۆیەش ویست و ئیرادەی جیابوونەوە ڕووی لە هەڵکشانە و بووەتە گوتاری بەشێکی بەرچاو لە ڕای گشتیی ئەوانیتری ناوەند. ڕەگەکانی ئەم دژایەتییەی کورد و نەتەوەکانی دیکە و ئیرادەی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ناوەند دەبێ لە دووتوێی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان لە قۆناغە هەستیارەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت. دوایین نموونەی بەرچاوی ئەم بەرەنگارییە، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی ماوەی ڕابردوو بوو کە بە گوێرەی زانیاری و ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و یەک لەوان ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، زۆربەی قوربانیان لە جوغرافیای نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەت لە ئەهواز و کوردستان ڕوویان داوە. ئەم ڕووداوانە خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوەن کە بوونەتە هۆی بەرینتربوونەوەی درز و کەلێنەکانی نێوان ناوەند و نەتەوە بندەستەکان. بۆ ئێمە بەو ڕادەیە کە تێکەوەپێچانی تۆماری کۆماری ئیسلامی ئامانجمانە، بەو ڕادەیەش پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دوو هێڵی سەرەکیی و پرەنسیپی نەگۆڕن، بەڵام گرینگتر لەمانە، تێپەڕین لە عەقڵانیەتێکە کە بیهەوێ ئەزموونی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی دووبارە بکاتەوە. هەر بۆیە پێمان وایە دەربازبوون لە بنبەستی سیاسی ئێستا و بنیاتنانی سیستمێکی کارامە و وڵامدەر لە داهاتوودا، پێویستی بە خوێندنەوە و عەقڵانییەتێکی جیاواز هەیە .

رابردوو سەلماندوویەتی هەر سیستمێکی سیاسی کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا لە بەر یەک هەڵدەوەشێتەوە و هەر وڵاتێک لەم چەشنە کە پارچە پارچە دەبێت، ئەنجامی کۆکردنەوەی لەڕادەبەدەری دەسەڵاتە لە ناوەند و هەڵاواردن و ئینکارکردنی ئەوانی ترە، کە دواجار دەبێتە هۆی تەقینەوەی نارەزایی و ڕقی پەنگخواردوو و رادیکاڵیزمی شۆڕشگێڕانەی ستەملێکراوەکان.

کورد و ئەوانیتری دەوڵەتی ئێران بە دوای سەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بگونجێت.

# پەیامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

## لە ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا



سی و پێنج ساڵ لەمەو بەر، لە نێوان ڕۆژەکانی ١٥ تا ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەتاوی و لە پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا، ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پەسەند و دیاری کرا و بەو چەشنە ٢٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێک تەرخانکرا بۆ ڕێزلێنان لە قارەمانێتی و لەخۆبردوویی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان. دیاریکردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژێک بۆ یادکردن لە بەرخودان و تێکۆشان و فیداکاریی پێشمەرگە لە ساڵی ١٣٦٣دا، خۆی لە سێ هۆکاردا دەبینێتەوە:

یەکەم: بەرخۆدان و بەرپەرچدانەوەی هێرشی هۆڤانە و دڕندانەی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوای فتوای جیهادی خومەینی بە دژی نەتەوەی کورد بە خوێندان و گیانبەختکردن و ئازایەتی و لەخۆبردوویی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە.

دووهەم: ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مێژووی سیاسی و مێژووی بزاڤی شوناسخوازی و مافویستیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە ڕۆژێکی گرینگ دەژمێردرێ. لەو ڕۆژەدا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە هێرش کردنەسەر شارەوانیی مەهاباد و دەست بەسەرداگرتنی دوایین قەڵای داگیرکاری و دوا نیمادی دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەویان لەو بەشە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەلایەن زلهێزەکانەوە داگیر نەکرابوو، تێکەوەپێچا. ئەم ڕووداوە، حەرەکەتێکی خۆڕسک و کتوپڕ و لەناکاوە نەبوو، بەڵکوو لەلایەن ڕێکخستنەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەرنامەڕێژیی بۆ کرابوو و هەروەها، لەلایەن خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد و یەکە چەکدارەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتەوە ئەو حەرەکەتە نیزامییە ئەنجام درا. بەو پێیە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز کە هەڵگری ڕووداوێکی مێژوویی گرینگە، باشترین بژاردە بوو بۆ دیاریکردنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. سێهەم: بزووتنەوە چەکدارە ڕزگاریخوازەکان و سوپای ئەو وڵاتانە کە چەکدارەکانیان لە چاخەکانی دۆخی تایبەتی وڵاتەکانیاندا و خاسمانی ئەو کاتانەی کە لە بەرامبەر داگیرکاریی نیشتمانەکەیان یان هێرشی وڵاتانی کۆلۆنیاڵیستی و داگیرکار بۆ سەر خاک و زێدیان، بە ئازایەتی و بەختکردنی خۆیان پارێزگارییان لە سەروەریی نیشتمانی و نەتەوەیی وڵاتەکەیان کردووە، لە مێژووی وڵاتانی خۆیاندا ڕۆژێک بۆ بیرئانینی فیداکاری و ئازایەتییان دیاری کراوە. مێژووی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان پڕە لە چیرۆکی بوێری و ئازایەتی و فیداکاریی ڕۆڵەکانی کورد و کوردستان. بەرخۆدانی پێشمەرگانە بە هۆکارێکی سەرەکی و بنەڕەتیی مان و بوون و بەردوامیی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەژمێردرێ. هەر بۆیە، دەستنیشانکردنی ڕۆژێک لە مێژوودا بۆ ڕێزگرتن لە قارەمانێتی و ئازایەتی و خۆنەویستیی پێشمەرگە ئەرکێکی هەستیاری حیزب و ڕێکخراو و ئێلیتی سیاسی و حیزبیی کوردە. ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات دەمێک بوو کە هەستی بەو بەرپرسیارەتییە لەهەمبەر پێشمەرگەدا دەکرد و لە کاتێکی مێژووییدا بە بڕیارێکی مێژوویی ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەجێ هێنا. بە دیاریکردنی ڕۆژێک لە مێژوودا بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە، ناو و ناوبانگ و چیرۆک و ئەفسانەی پاڵەوانێتیی پێشمەرگەیان بۆ هەتا هەتایە لە یادگەی مێژوویی کورد و کوردستاندا بە زیندوویی هێشتەوە.

### پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی

پێشمەرگە ئەو چەکدارە خۆنەویستە بە بیروباوەڕەیە کە،نیشتمانەکەی باوەڕەکەیەتی و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە سەرووی هەموو جۆرە قازانج و حەز و ویستێک دادەنێ و هەروەها، لە پێناوی پارێزگاریکردن لە خاک و نیشتمانەکەی ئامادەیە خۆی بەخت بکا. لەو پێوەندییەدا، بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە باشی بە ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی هەستێ، دەستی لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی ئاسایی هەڵگرتووە. هەڵبەت، پێشمەرگایەتی خۆی جۆرێکە لە ژیان، ئەویش ژیانێکی سەربەرزانە و سەربەستانەیە؛ پێشمەرگە مەعنەوییاتی ژیان لە سەرووی «واری ماتریاڵ»ـی ژیان دادەنێ و پێی وایە کاتێک ژیان مانایەکی ڕاستەقینە بە خۆیەوە دەگرێ کە هەڵگری ئامانجگەلێک یان ئامانجێکی بەرزی مرۆڤانە بێ. پێشمەرگە لە ڕووی هزری و باوەڕی سیاسییەوە دوورەپەرێزی لە «فوندامێنتالیسمی سیاسی و هزری و دەمارگرژی و دگم ئەندیشی و چەقبەستوویی» دەکا و باوەڕێکی قووڵی بە نۆرم و پێوەرە دێموکراتیکەکان و پلۆراڵیزمی سیاسی هەیە. لە ڕووی هزری کۆمەڵایەتییەوە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ و باوەڕی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و تۆلێرانس و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و فرەیی و فرەچەشنی هەیە. پێشمەرگە باوەڕی بە بەها ئینسانییەکان هەیە و پاراستنی نۆرمە ئینسانییەکان لە هەمووکات و سات و دۆخێکدا - بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا- بە ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی دەزانێ. باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ، شێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤتەوەرانەی پێشمەرگەکان لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بەپێی پێوەرە یاساییەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی بۆ شەڕ بووە. لە ڕووی ئەرکەوە پێشمەرگایەتی بە دوو قوناغ دابەش دەبێ: سەردەمی ڕاپەڕین و بەرخودان و شۆڕش لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان کە هێزی پێشمەرگە دەوری پارێزەری جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد دەگێڕێ و مان و مەجوودییەتی دەپارێزێ. دوایین قوناغی ئەرکی پێشمەرگایەتی، پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی و دەستکەوتە نەتەوەییەکان و سەروەری و سنووری کوردستانە. چاخی هەنووکەیی خەباتی ئێمە، درێژەی سەردەمی ڕابوون و ڕاسان و ڕاپەڕینی لە مێژینەی خەڵکی وشیار و مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و بایەخداری ئەو ڕابوون و ڕاپەڕینەش وەک هەمیشە پێشمەرگە بووە، هەر بۆیە لە لایەک ئەرکی ڕێبەرایەتی کردنی شۆڕش لەسەر شانی بووە و لە لایەکی دیکەوە وەکوو ستراتیژیی چاخی خەبات، دەوری مەرتاڵی پارێزگاری لە مان و بەردوامیی بزاڤی سیاسی- نەتەوەیی کوردستان گێڕاوە. ڕابوون، ڕاسان، ڕاپەڕین و شۆڕش و پێشمەرگە و خەڵک تەواوکەری یەکتر و لێکدانەبڕاون. ڕاسانی خەڵک و پێشمەرگە تاکوو ئێستا چەندین قۆناغیان بڕیوە:

### فازی یەکەمی ڕاسان: سەردەمی لەدایکبوونی پێشمەرگە و دەستپێکردنی ڕابوون و ڕاسانی ڕۆژهەڵات

ئەو قۆناغە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ـەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە دامەرزاندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان. دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا ڕۆحێکی نوێ دەداتە جەستەی جووڵانەوەی سیاسی- نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەو قەوارە سیاسییە مودێڕنە، دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی مافویستان و ئازادیخوازانی کورد. هەروەها، بزاڤی کورد لەو بەشە لە کوردستاندا، لە پرش و بڵاوی و حاڵەتی ناوچەیی تێدەپەڕێ و لە ئۆرگانیزاسیۆنێکی مۆدێڕندا بە عەقڵانییەتێکی سەردەمییانە و خاوەن ستراتیژییەوە ڕێکدەخرێتەوە. حیزبی دێموکرات لەنێو ئەندامەکانیدا کۆمەڵێک ڕێکخستنی چەکدار پێک دێنێ و دواتر ئەو ڕێکخستنانە بە بەرنامەوە لە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەندێک جموجۆڵ دەکەن، لە ئاکامدا لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا ڕووداوێکی مێژوویی ڕوو دەدا. لەو ڕۆژەدا، ئەو ڕێکخستنە چەکدارانە هاوشانی خەڵکی شاری مەهاباد، بەپێی بەرنامەیەکی بۆ داڕێژراو، هێرش دەکەنە سەر شارەوانی مەهاباد و دەستی بەسەردا دەگرن. گرتنی شارەوانیی مەهاباد لە چەند ڕوویەکەوە گرینگ بوو: ئاسیمیلاسیۆنی کورد و باقیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە دوای نووسینی یەکەم یاسای بنەڕەتیی «ممالک محروصە» لە ٨ی بەفرانباری ١٢٨٥ی هەتاوی و تەکمیلکردنی لە ١٤ی ڕەزبەری ١٢٨٦ی هەتاویدا بە شێوەیەکی فەرمی دەستی پێکرد و بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی «ڕەزا شای پەهلەوی» و هاتنە ئارای بیرۆکە و بیردۆزەی خەیاڵیی «ملت ایران» لە چوارچێوەی پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوەی شای ئێراندا، گەڵاڵە کرا و بە زوویی ڕەندێکی کردەیی بە خۆیەوە گرت. بە دوای ئەودا، دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازیی کورد بە زەبری هێز سەرکوت کرا. گرتنی شارەوانیی مەهاباد وەڵامی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد بوو بە ئاسیمیلاسیۆنی چەند ڕەهەندیی ڕێژیمی پەهلەوی و هەروەها، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە و پرۆژە خەیاڵییەکانی دوژمنانی کورد ناتوانن شوناس و مێژوو و کولتوور و ڕۆحی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕووداوە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بنیاتنانی سەروەریی نەتەوەیی لە شاری مەهاباد. هەر بۆیە، دوای تێپەڕینی ٣٦ ڕۆژ بەسەر گرتنی شارەوانیی مەهاباد، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ڕاگەیەندرا و دامودەزگای دەوڵەتی بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری وڵات دامەزران. لە کۆی ڕێکخستنە چەکدارەکانی حیزب و باقیی هێزەکان، سوپایەکی نەتەوەیی ڕێکخرا و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان ناوی ئەندامانی ئەو سوپایەیان بە پێشمەرگە ناودێر کرد. بەو چەشنە پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەدایک دەبێ و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی کۆمار و سنووری کوردستان دەبێتە یەکەم ئەرکی سەرەکیی ئەو هێزە. پێشمەرگەکان بە باوەڕ و بە ورەی بەرزی پێشمەرگانەوە لە چەندین بەرەی شەڕدا شکستیان بە هێرشی ئەرتشی داگیرکاری ڕەزا شایان هێنا و بەو پێیە، بە خوێن و گیانی خۆیان جێی خۆیان لەنێو دڵی مێژووی بەرخۆدانی کوردستاندا کردەوە.

### فازی دووهەمی ڕاسان: ڕێکخستنەوە و هەستانەوە (ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧)

بەداخەوە بەهۆکارگەلێکی سەرچاوەگرتوو لە دۆخی ئەوکاتی نێودەوڵەتی و سیستەمی سیاسیی جیهان و ناوچە و ناهاوسەنگیی هێز، دوای یازدە مانگ کۆماری کوردستان ڕووخا و کۆمار و دەستکەوتەکانی بوون بە بەشێک لە شانازیی مێژووی سەروەری و شارستانییەتی کوردستان. لەو قۆناغەدا ، بەرزڕاگرتنی ئاڵای کۆمار و شۆڕش لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماردا بوون بە ئەرکی نیشتمانیی پێشمەرگە.

دوای ٢١ ساڵ خەباتی نهێنی و چالاکیی ژێرزەمینی، ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونی پێشمەرگە لە بێچمی ڕاپەڕینێکی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦-٤٧دا دەرکەوت و بە گژ داگیرکارانی کوردستاندا چوو. ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەلومەرجی جیهانیی ئەوکات کە سەردەمی شۆڕش بە دژی کۆلۆنیاڵیزم و چەوسانەوە و زۆرداری و ملهوڕی بوو و هەروەها، بە ڕامان و ڕاڤەی دۆخی سیاسیی نێوخۆی وڵات و لە ئاکامی زۆرداری و دیکتاتۆریی حەمەڕەزا شا و سەرکوت و زەبر و زەنگی ئەو ڕێژیمە دەرحەق بە ئازادیخوازان بڕیاریان دا کە بۆ ڕزگاریی کوردستان ڕاپەڕینێکی چەکداری و پێشمەرگانە وەڕێ بخەن.

خەڵکی وەزاڵەهاتوو لەدەست مەینەتی و نەهامەتییەکانی ڕێژیمی پەهلەوی بە بەشداریی خۆیان پێشوازییان لەو بڕیارە کرد. ئەو ڕاپەڕینە جارێکی دیکە یادەورییەکانی کۆماری کوردستان لە یاد و دەرهەستی تاکی کورددا زیندوو کردەوە و بووە فاکتەرێک بۆ دووبارە بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان. هەروەها دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر کات و ساتێک پێشمەرگە ئیرادە بکا و وەجووڵە کەوێ، خەڵک ئامادەیە هاوشانی پێشمەرگە لە پێناوی نیشتمانەکەیدا تێبکۆشێ. ئەو ڕاپەڕینە بەهۆی ناهاوسەنگیی هێز و کەمیی پێداویستییە یەکلاییکەرەوەکان و چەند هۆکارێکی دیکە، هەر چەند ١٨ مانگی خایاند بەڵام بوو بە بەشێک لە شانازییە مێژووییەکانی جووڵانەوەی کوردستان.

### فازی سێهەمی ڕاسان

لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاویدا لە میتینگی شاری مەهاباد و لەسەر زاری ڕێبەری مەزن شەهید دوکتور قاسملوو خەباتی حیزب بە ئاشکرا ڕاگەیەندرا. بە دوای ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب و چالاکبوونی ئەو حیزبە خەڵک بە شێوەیەکی پان و بەرین ڕوویان کردە ڕیزەکانی حیزب. زۆری نەخایاند بیر و ئەندێشە و ڕێبازی نەتەوەیی حیزب لە پانتایی جوغرافیایی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بووە و لە دەرهەستی تاکی کورددا چەکەرەی کرد و لە بەرهەستیدا ڕەنگی دایەوە. پێ بە پێی ئەم بارودۆخە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێکخرایەوە و بە سازماندەهییەکی تازە و فۆرمێکی تازەوە دەرکەوت. بەشێکی بەرچاوی خەڵک و بەتایبەتی لاوانی خوێنگەرم کە خوازیاری پێشمەرگایەتی بوون، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا سازمان دران. لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی ڕێژیمی تازەپێگرتوو، نییەتە نگریسەکانی دەرحەق بە نەتەوەی کورد دەرکەوتن. تێڕوانینی ڕێژیم سەبارەت بە مافی کورد تێڕوانینێکی ئەمنییەتی بووە و کێشەی کورد بە کێشە و تەنگژەیەکی ئەمنییەتی ژماردووە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قووڵایی ئەمنییەتی خۆی زانیوە، هەر بۆیە دەیەویست بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەهەندی سەربازی و بە لۆژیکی هێزی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

# پێشمەرگە، ڕاسان، شار



**دانیار**

لە ڕاستیدا پێشمەرگە و خەڵک لێکدانەبڕابوون بەڵکوو شێوەی خەبات گۆڕانی بەخۆوە بینیبوو. بەو مانایە کە لە جیاتی خەباتی بەرگریی چەکدارانە لەسەر بەهێزکردنی تەشکیلاتی ڕێکخراوەیی و پەروەردە و بارهێنانی ئەندامان و بەنێونەتەوەیی کردنی زیاتری پرسی کورد لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا کاری دەکرد. ڕاستە حوزووری فیزیکیی پێشمەرگە وەک پێشتر نەبوو بەڵام سیاسەت و ڕێبازی فکری حیزب لەسەر دەستی ئەندامانی نێوخۆ و لەژێر ڕێنوێنیی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەردەوام لەنێو خەڵکی کوردستاندا شەپۆلی دەدا تا ئەوەی ڕاسان لەدایك بوو. ئەوەش بەو مانایە دێت کە هێزە بنگەییەکەی ڕاسان خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش ورەبەخش و پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە. ئەو قۆناغە نوێیە لە خەبات کە ئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و خەباتی شاخە، زۆر ڕەهەندی هەیە و بەرچاوترینیان ڕەنگە هەمان نوێکردنەوەی دیداری پێشمەرگە و خەڵکی ڕۆژهەڵات بێت کە پێشوازیی گەرمی خەڵک ئەو ڕاستییەی سەلماند. بەڵام گرنگیی ڕاسان لە ئێستادا کە دەبێ چی بێت یان بەگشتی ئەرکی هێزێکی سیاسی- نەتەوەیی و مافویست و ئازادیخواز و دێموکرات وەک حیزبی دێموکرات لە ئێستادا چییە، دەگەڕێتەوە بۆ زۆر فاکتەری ناوچەیی و جیهانییەوە و پەیوەستە بە هەلومەرجی نێوخۆیی کوردستان و ئێرانەوە. لە سیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکاندا، جووڵانەوە نارازی و بزووتنەوە مەدەنییەکان زەحمەتە ببنە هێزی جێگرەوەی ڕێژیم هەرچەندە زەمینەکان بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەریش فەراهەم بکەن. جا ئەگەر ئەو سیستەمە ڕەفتار داگیرکەر و فاشیستیش بێت و خاکی کوردستان بە هی خۆی بزانێت ئەوا خەباتی شار و تەوژمی شەقام ئەگەر بەهێزیش بێت بەرگەی سەرکوتی ڕێژیم ناگرێت. لێرەدایە کە دەبێ هاوتەریبی شار کە زەمینەی سەرهەڵدان و ڕێکخستنی شەقام فەراهەم دەکات، پێویستە کە خەباتێک لە شاخ وەک هێزی پاڵنەری خەڵک و ڕامالێنەری ڕێژیمی ڕەفتار داگیرکەر حوزووری هەبێت. ئەو هێزە لە شاخ بە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ناوچەیی و فاکتەرە دەرەکییەکانی دیکە بە هەستیارییەوە دەبێ هەنگاو بنێ و بە کەمترین زیان لەو هاوکێشەیەدا بتوانێ بەرژەوەندی و سەرکەوتنی گەورە بۆ کوردستان بێنێتە بەرهەم.

گرنگییەکانی ڕاسان:

- بەهێزکردنی ڕۆحییەی بەرگری و ئیرادەی خۆڕاگری بۆ بەگژداچوونەوەی ڕێژیمی ڕەفتار داگیرکەر.
- لەخۆگرتن و ڕێکخستنی لاوانی کوردستان لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بۆ درێژەدان بە خەبات و لە هەمان کاتیشدا تا لە داوی ڕێژیم و هێزە بناژۆخوازەکان بەدوور بن و ڕاکێشی ئەوێ نەکرێن.
- دۆخی شڵەژاو و ئاڵۆزی ناوچە کە دەوری کوردستانی تەنیوە ئەوە دەخوازێ کە هێزێکی بە پرەنسیپی باوەڕمەند بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بتوانێ پارێزگاری لە موڵکی گشتی و سامانی خەڵکی کوردستان بکات لە ئەگەری سەرهەڵدان و ڕووخانی ڕێژیمدا.
- لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕاسان سەرنجی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بۆ لای خۆی ڕاکێشایەوە و پرسی کوردی خستەوە ڕۆژەڤ.
- کورد لە باشووری کوردستان داوای سەربەخۆیی بەرز کردەوە کە لەلایەن وڵاتی عێراق و دراوسێیەکانەوە بە توندوتیژی وەڵام درایەوە و ڕێفراندۆم سڕ کرا، سیستەمی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتە کایەوە کە لەشکرکێشیی تورکیەی بەدوادا هات و باکووری کوردستانیش دەرەنجامی پرۆسەی ئاشتی شکستی هێنا، کوردەکان دیسان خەباتی شاخیان هەڵبژاردەوە، ئەوەش پێمان دەڵێ دەوڵەتانی ڕەفتارداگیرکەری کوردستان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ خواست و داوا ڕەواکانی گەلی کورد بەشێوەی مەدەنییانە نییە بەڵکوو هەوڵی سڕینەوەی دەدا و مافی بەشداریی سیاسی و هاوبەشی لە دەسەڵاتی وڵاتدا پێ ڕەوا نابینێت. کوردستانی ڕۆژهەڵات تەنانەت لە کاتی نەبوونی خەباتی چەکداریشدا زیاتر میلیتاریزە کرا و لە خەڵکانی خۆجێیی هێزگەلی نیزامی و ئەمنییەتی جۆربەجۆریان لە ڕاستای خزمەت بە ڕێژیمی ئاخوندیدا دروست کرد کە کوردستانی کردبووە سەربازگەیەکی گەورە.
- لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕێژیمی ئاخوندی هیچ چەشنە کرانەوەیەکی بەڕووی ئازادی و مافە سیاسییەکانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی «ئێران»ـەوە بەخۆیەوە نەبینی و بەڵکوو تەنانەت بزووتنەوەی لایەنەکانی نزیك لە خۆشی لە ئێران لەگەڵ سەرکوت و توندوتیژی بەرەوڕوو کردەوە.
- لە کوردستانیش زۆرینەی ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبییە کوردییەکان یان داخران یان سنووردار کران و چالاکوانانی مەدەنی و ژینگەپارێزان کەوتنە زیندانەکانەوە و هەڵبژاردنی مەجلیسیش هەر لە خزمەتی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا بەڕێوە دەچوو و ئێستاش هەر بەم شێوەیەیە.

---

**درێژەی لاپەڕەی ٧**

داپڵۆسێنەر و بە پاڵپشتیی ئیدئۆلۆژیی خۆی بە مەبەستی «تکفیر»کردنی کورد، دۆز و پرسی سیاسی- نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕیشەکێش بکا. خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕیاریان دابوو کە بەرگری لە دەستکەوتەکان و خاک و زێدی خۆیان بکەن. بە دوای فتوای جیهادی خومەینی بە دژی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە لە پێش گرتنی چەند جۆر تاکتیکی شەڕ، بەرگریی لە خاکی کوردستان و جووڵانەوەکەی کرد:

**شەڕی جبهەیی: هاوینی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٣، بەرگری لە سەربەستیی کوردستان.**

لە شەڕی جبهەییدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە کەمترین پێداویستیی شەڕ بەڵام بە هێزی باوەڕی خۆی لە بەرامبەر هێرشی بەربڵاوی ڕێژیمدا ڕاوەستا و توانی هێزەکانی ڕێژیم ڕابگرێ و لە چەندین بەرەدا تامی تاڵی شکستیان دەرخوارد بدا. شەڕی سێ مانگە و گرتنەوەی زۆربەی شارەکانی کوردستان و شەڕەکانی دواتر، نموونەی زەق و دیاری بەرخۆدانی پێشمەرگە و دەرکەوتنی هێزی باوەڕی پێشمەرگە و ئیرادەی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە.

**شەڕی پارتیزانی: ساڵەکانی ١٣٦٤ تا ١٣٧٥، درێژەدان بە خەبات.**

هاوسەنگ نەبوونی هێز و کەمیی ئیماکاناتی پێویست بۆ شەڕی جبهەیی، ڕێبەرایەتی و فەرماندەرانی ئەو کاتی پێشمەرگەی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە باشترین بژاردە بۆ درێژە پێدان بە چالاکیی پێشمەرگانە، ڕووکردن لە تەکنیک و تاکتیکی شەڕی پارتیزانی و دانانی ستراتیژیی عەمەلیاتی لەسەر ئەو بنەمایەیە. هێزی پێشمەرگە جارێکی دیکە پێداچوونەوەی بە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و جۆری ئامووزشی نیزامیی خۆیدا کردەوە. شەڕی پارتیزانی ڕێوشوێنێک بوو هاوتەریب لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتی خەبات و ئیمکاناتی بەردەست هەر بۆیە توانی بۆ ماوەیکی دوورودرێژ لە ژینگەی سیاسی و بازنەی جووڵانەوەی کورددا وەکوو تەوەرێکی گرینگی خەبات دەور بگێڕێ و هەست و سۆز و بزاڤی نەتەوەیی کورد بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

**فازی چوارەمی ڕاسان: ساڵی ١٣٩٤، نوێبوونەوەی خەبات بە مێتۆدی «پێکەوە گرێدانی خەباتی شار و شاخ»**

قۆناغی چوارەمی ڕاسان درێژەی خەباتی لە مێژینەی حیزب و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، بەڵام بە ڕەنێوهێنان و دارشتنەوەی لە چوارچێوەیەکی سەردەمیانەدا. ڕاسانی نوێ، مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزەکردنی ساختار و هزر و ستراتیژی و تاکتیکی خەباتە کە وەگەڕخستنی هێزی پەنگراوی کۆمەڵگا و کەڵک وەرگرتن لە توانستی کۆمەڵگای کوردستان مەبەستیەتی. پێ بە پێی ئەو مۆدێرنیزاسیۆنە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی سەردەمیانە ساختاری ڕێکخراوەیی خۆی دارشتەوە تاکوو بتوانێ وەکوو هێزێکی مۆدێرنی نیزامی دەربەکەوێ و وەڵامدەری ئەرکەکانی لە ڕاستای ئامانجە سیاسییەکانی جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ. لە ڕاسانی نوێدا پێشمەرگە دوو ئەرکی سەرەکیی لە سەرشانە؛ دەرکەوتنی وەکوو ڕێبەری جووڵانەوە و پشتیوانی لە بەردەوامی و مان و هەبوونی خەباتی نەتەوەیی. دەستپێکردنی چالاکیی پێشمەرگانە لە نێوخۆی وڵات و لە ناوەندی کۆمەڵگای کوردستاندا، هێز و وزەی بەخشییە کۆمەڵگا. بە دەرکەوتنی پێشمەرگەکان لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتدا، خەڵکی کوردستان پشتیوانیی خۆیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیاند و بە پیری «مەنشوور»ی ڕاسانەوە هاتن. پێشمەرگەکانی کوردستان بە خوێنی ئاڵی خۆیان چەخماخەی خەباتی نوێیان لێدا و بەردی بناخەی ڕاسانی نوێیان دانا. لە ئاکامدا، ڕۆژهەڵاتی لە بیر کراو ، بوو بە ڕۆژەڤ و مژاری سەرەکیی میدیا و سۆسیال میدیای کوردستانی، ناوچەیی و جیهانی و هەروەها، باندۆری جیهانیی ڕاسان وای کرد کە تەنانەت کۆماری ئیسلامیش نەیتوانی وەک جاران حاشا لە چالاکیی پێشمەرگەکان بکا. لەو سەردەمەدا، ڕاسان لەگەڵ چاخێکی هەستیار و تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و نێوخۆی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕوویە و دەبێ ڕاسانییان بە وردبینی و تێڕامانەوە ڕەوتی ڕووداوەکان لێکبدەنەوە و بۆ بەرەوە پێش بردنی خەباتی سیاسی- نەتەوەیی- نیشتمانی هەنگاوی پێویست هەڵبگرن.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەردەمی تێپەڕی خۆیدا وێڵە و بەرەو داهاتوویەکی دوور بەڵام گەشتر هەنگاو دەنێ. سەردەمی دیکتاتۆری و ملهوڕی، تۆتالیتاریزم، بناژۆخوازی و بە ئیدئۆلۆژی کردنی کۆمەڵگا بەرەو نەمان هەنگاو دەنێ، هەر چەند هەنگاوەکان بەرەو داهاتوویەکی گەشتر شل و لاوازن، بەڵام مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش خولیای سەربەستی و ڕەهایی لە مێشکیدا چەکەرەی کردووە. بەهاری عەرەبی و بە دوای ئەودا، ڕاپەڕینی جەماوەری لە وڵاتانی عەرەبیدا و پەلهاویشتنی شەپۆلەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مزگێنیدەری قۆناغێکی نوێ لە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. هەر چەند بەهاری عەرەبی نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکی، بەڵام، باندۆری لە گۆڕینی ڕەوش و دۆخی ناوچە هەبووە و دەبێ. کۆمەڵێک لە وڵاتان لە چەند بوارێکی بچووکی ڕواڵەتیدا وایان دەنواند و وادەنوێنن کە گۆڕانکارییان کردووە و بەو پێیە، دەیانهەویست و دەیانەوێ بە نیشاندانی ڕوخسارێکی بەناو دێموکراتیک، خۆیان لە شەپۆلەکانی گۆڕانکاری بپارێزن. ئەو جۆرە حکوومەت و دەسەڵاتدارانە لە ڕوانگەیەکی کەمییەتگەرایانەوە دێموکراسی دەنرخێنن و لە ڕاستیدا دێموکراسی بە «عدد و رقم» دەژمێرن. بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیە، دێموکراسی «کیفیات»ێکی بەنرخ و بەها و نۆرمگەلێکی وەکوو، دەسەڵاتداریی بەرپرس و وەڵامدەر و یاسامەند و خەڵکی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و ژیانێکی ئاسوودە لەخۆ دەگرێ. شەپۆلی نوێی خۆپیشاندانەکان لە عێراق، ئێران و لوبنان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە خەڵکی ئەو وڵاتانە خوازیاری ئەو جۆرە لە دێموکراسی و دەسەڵاتدارییەن. لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ڕێژیمی ئێراندا، هەر وەک بەدی دەکرێ، ئەو سیستەمە نامۆیە لە ئاستی جیهان بە نابەرپرس سەربزێو ، مەترسیدار بۆ سەرئاسایشی جیهانی و ماکەی تێرۆریزم و بناژۆخواز ناسراوە. لە ئاستی ناوچەشدا، بە ڕێژیمێکی دەستوەردەر، دوژمنی هێمنی وڵاتان، دوژمنی دێموکراسی و ڕەوتە دێموکراتیکەکان و داڵدەری تێرۆریزم هەڵدەسەنگێندرێ. لە ئاستی نێوخۆشدا، بە جەمسەرێکی دژبەری مافی مرۆڤ و نۆرمە ئینسانییەکان، ڕێژیمێکی تێرۆریست و تۆقێنەر و تۆتالیتاریست پێناسە دەکرێ. ئەو تایبەتمەندیاینە و عەقلییەتی پاسیوی کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە خەڵک و ڕێژیم بکەونە دوو بەرەی دژ بە یەک. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەکارهێنانی هێزی داپڵووسێنەر و قەڵاچۆکردن و تێرۆر و تۆقاندن لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگای پەروەردەی ئیدئۆلوژییانە و بە سەرفکردنی تێچوویەکی زۆرەوە، ویستی شوناسی نەتەوەیی و ئیتنیکی و فەرهەنگی و هزری ئازادیخوازی بسڕێتەوە و کۆمەڵگا و تاکەکانی دەستەمۆ بکا و لە چەمکی «امت ولی فقیە»دا شوناسێکی خوازراو و دەستکردی خۆی پێ بدا، بەڵام شەپۆلی سێیەمی خۆپیشاندانەکان و ڕاپەڕینی بەرینی خەڵک و گیانفیداییان، تەواوییەتیی ئەوە سیاسەتەی کۆماری ئیسلامییان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووە. ڕاسانییەکانی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هاتنە سەر شەقامەکان بە شێوەیەکی شارستانییانە و دوور لە گرژی و ئاڵۆزی، داواکارییەکانی خۆیان بەرز کردەوە و خوازیاری مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانیان بوون. ڕێژیمی ناشارستانی و دوور لە لۆژیکی مرۆڤایەتی، هۆڤانەئاسا وەڵامی داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەرانیان دایەوە، هەر بۆیە پێشمەرگەکانی شەقام بەبێ چەک و بەدەستی بەتاڵ بە گژ هێزە بەربەرییەکانی کۆماری دژی کوردی ئیسلامی ڕاچوون و لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان و بەخوێن و بە فیداکردنی گیانیان بەرگرییان لە داوا ڕەواکانی خۆیان دەکرد. ڕێژیم بە شەهیدکردنی بێ بەزەییانەی خۆپیشاندەران و گرتن و ئەشکەنجەدانیان بە قەولی خۆی پێشی بە داوا ڕەواکانی خەڵک و داڕووخانی پایە لەرزۆکەکانی دەسەڵاتی خۆی گرتووە، خەیاڵێک کە زۆرێک لە ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان و یەک لەوان ڕێژیمی پێشتری کردە پەندێک بۆ مێژوو. بەگشتی مەبەستی سەرەکیی ڕاپەڕینی ئەو جارەی خەڵکی ئازدیخوازی ئێران و مافویستانی کوردستان - کە دەسپێکی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی- سیاسییە - هەڵکەندنی تانوپۆی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەرزی واقعی ژینگەی سیاسیی ئێران و جوغرافیای سیاسی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. حاکمییەتێکی ناوەڵامدەر و نابەربەرپرس و ڕێژیمێک کە خەڵکی ئازادیخواز و مافویست بە بەکرێگیراوی بێگانە بزانێ، خەڵک نەویست و مەحکووم بە نەمانە. هەر بۆیە، دەنگی ئازادی و ئازادیخوازانی ئێران و مافویستانی کوردستان تا لووتکەی سەرکەوتن دانامرکێ و درێژە دەکێشێ. هێزی پێشمەرگەی کوردستان پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی خەڵکی ئێران دەکا و خۆی بە پاڵپشتی سەرەکی مافویستانی کوردستان دەزانێ و سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵک مەحکووم دەکا، هەروەها، خۆی بە هاوخەمی بنەماڵەی شەهیدانی شەقام دەزانێ و هیوای ساڕێژبوونی برینی برینداران دەخوازێ و هیواداره کە هەرچی زووتر گیراوانی خۆپیشاندانەکان لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم ڕزگاریان ببێ. هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەو بەکرێگیراوانەی کە دەستیان لە ڕشتنی خۆێنی خۆپیشاندەراندا هەیە، خۆش نابێ و دەستی دادپەروەری بە زوویی بەرۆکی ئەوان دەگرێ و تاوانی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی خەڵکیان دەستێنێتەوە.

**هاوڕێیانی هێژا**

ئەوڕۆ هاوکات لەگەڵ یادکردنەوە لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێزگرتن لە فیداکاریی پێشمەرگەکانمان، دەورەی ٢٤٠ی پێشمەرگە کوتایی بە کارەکانی هێنا و کۆمەڵێکی دیکە لە لاوە بەهەست و بەبڕشت و لێهاتووەکانی نیشتمانی خۆشەویستمان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پۆشی و تێکەڵ بە ڕیزەکانی لەبڕاننەهاتووی پێشمەرگەکانی کوردستان بوون. ئەو کۆمەڵە وڵاتپارێزە لە بڕیارێکی بوێرانەدا بە سوێند بە نیشتمان، ئاڵای پیرۆزی کوردستان و خوێنی شەهیدان بەڵێنییان داوە تاکوو توانست و هێزی کارای خۆیان لە خزمەت بە نیشتمانەکەیان وەگەڕ بخەن و هاوشانی هاوڕێکانیان و شان بە شان لەگەڵ شەقام و شار بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی و وەدیهێنانی ئاواتی شەهیدەکان هەنگاو بنێن. پیرۆزبایی پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە پێشمەرگە خوێنگەرمەکانی دەورەی ٢٤٠ی فێرگەی فەرماندەیی دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین. هەروەها، بەو بۆنەوە دەستخۆشی لە فێرگەی فەرماندەیی و مامۆستایانی ماندوونەناسی فیرگە دەکەین کە بە لێبڕاوانە و بەرپرسانە و بێ پسانەوە، ئەرکەکانی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

لە کوتاییدا،

**سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵات.**

**٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان پیرۆز بێ.**

**بژی هێزی پێشمەرگە، باسکی بەهێزی خەڵکی کوردستان.**

**بژی حیزبی دێموکرات، قوتابخانەی ڕاستەقینەی هزری نەتەوەیی و پێشمەرگە.**

**٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٨ هەتاوی**

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

# پێشمەرگە، پێویستیی و پێداویستیی

## بە بۆنەی بیست و شەشی سەرماوەزەوە

ئارش سائح

لە جیهانی مۆدێرندا کۆمەڵگاکان ڕێز و متمانەی تایبەتیان بەو کەسانە هەیە کە ڕۆڵی سەربازیان هەیە و لە هەندێک قۆناخی هەستیاری وڵاتەکەیاندا باشترین هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان بۆ ڕێبەری کۆمەڵگاکان دێنە ژمار. بۆ وێنە ئامریکاییەکان لە قۆناخی هەستیاری پاش شەڕی جیهانی دووهەم، ژێنراڵ ئایزێنهاوێریان هەڵبژارد بۆ ئەوەی وەک چۆن لەشکری لە شەڕی جیهانی دووهەم ڕێبەری کرد ئاواش وڵاتەکەیان لەو قۆناخە هەستیارەدا ڕێبەری بکات. لە ٤٥ سەرکۆماری ئامریکا ١٢ سەرکۆمار ژێنراڵ بوون و ٣١ سەرکۆماریش شانازی سەربازیان هەیە.

ئەم بابەتە خاوەنی بنەمایەکی مێژووییشە. لە دنیای یوونانی کۆندا ئەوانەی کە چینی دەسەڵاتدار بوون وشەی ئاریستۆکراسیان بۆ دانابوون. وشەی ئاریستۆکراسی بە واتای دەسەڵاتداری باشترینەکانە.

ئەم وشەیە سەرەتا بەو کەسانە دەگوترا کە جڵەوی سپای یوونانیان دەگرت واتە ئەو جەنگاوەرانەی کە لە هێڵی پێشەوە بوون و هەموو بە دوای ئەواندا بوون. پاشان هێدی هێدی ئەو جیلە ئەو ڕۆڵە سەربازییەیان گواستەوە بۆ پانتایی کۆمەڵایەتی- سیاسی و بوون بە ڕێبەرانی کۆمەڵگاکانیشیان.

ئەم ڕێزە بێجگە لەوەی لە ڕەمەک (غەریزە)ی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، خاوەنی ڕەهەندێکی بەهێزی عەقڵانیش هەیە کە ئەویش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە هێزی چەکداری گشتی دەیگێڕێت لە پێناسەکردن و بەردەوام بوونی کۆمەڵگا لە ساحەی سیاسی خۆیدا. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە لە هەندێک چەمکی ئاراستەکراوی هزرمەندی ئاڵمانی، «کارل شمیت» کەڵک وەربگرین.

سەرەتا پێویستە بگوترێت کە ئەگەرچی ئاراستە گشتییەکەی شمیت کە ئارستەیەکی کانسێرڤاتیڤە بە لای نووسەرەوە جێی پەسەند نییە بەڵام ئەو چەمکانە کە ئەو دەیانناسێنێت و پێناسەیان دەکات دەتوانن بۆ مەبەستی ئەم وتارە زۆر بەسوود بن.

کارڵ شمیت لە هەوڵێکی چڕوپڕدا بۆ پێناسەکردنی ئەمری سیاسی دەڵێت کە وەکوو چۆن ئەمری جوانیناسانە، ئەمری ئەخلاقی و ئەمری ئابووری خاوەنی پێوەری خۆیانن وەکوو جوان و ناجوان بۆ ئەمری جوانیناسانە، خێر و شەڕ بۆ ئەمری ئەخلاقی و بەسوودبوون و بەزیانبوون بۆ ئەمری ئابووری، ئەوا ئەمری سیاسیش پێویستە خاوەن پێوەرێکی تایبەت بە خۆی بێت. ئەو دەڵێت کە پێوەری بنەڕەتی ئەمری سیاسی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن.

واتە لە ڕوانگەی شمیتەوە ئەگەر هەر ئەمرێکی سیاسی ئەوەندە لێک بدەیتەوە تا بگاتە سەرەتاییترین و بنەڕەتیترین شتێک کە پێکی دێنێت ئەو شتە جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن، یان باشترە بوترێت دەستنیشانکردنی دوژمنە. لە ڕوانگەی کارڵ شمیتەوە بابەتی ئەمری سیاسی سەربەخۆییە لە پێوەرەکانی جوانی، ئەخلاق، یان سوودی ئابووری. ئاراستەی شمیت بە هیچ شێوەیەک باس لەوە ناکات کە سیاسەت بە بێ هیچ مولاحێزەیەکی ئەخلاقی دەستنیشان دەکرێت بەڵکوو تەنیا ئەوە باس دەکات کە بۆ ئەوەی دوژمن، دوژمن بێت، پێویست ناکات ناحەز بێت، شەڕی ئەخلاقی بێت یان لە باری ئابوورییەوە زەرەرمەندمان بکات چوونکە ئەو پێوەرانە پێوەری ئەمری جوانیناسانەن، ئەمری ئەخلاقی و ئەمری ئابوورین.

هەروەها لەم باسەی شمیتدا دوژمن، دوژمنی گشتییە و جیاوازی هەیە لەگەڵ دوژمنایەتی تاک.

دوژمن بەم واتایە نە دەکرێت بابەتی خۆشەویستی بێت نە بابەتی ڕق و قین؛ واتە ئەمری سیاسی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ قووڵترین ئاستی ئانتاگۆنیزم و دوژمنایەتی.

لە ڕوانگەی شمیتەوە هیچ پێوەرێکی دەرەکی بۆ دیاریکردنی دوژمن بوونی نییە واتە تەنیا خودی ئەو کۆمەڵگایە دەتوانێت دیاری بکات کە ئایا لایەنی دوژمنی ئەو دەیهەوێ جۆری بوونی ئەو بگۆڕێت و ئەو کۆمەڵگایە بکاتە شتێکی تر و پێویستە لە بەرامبەریدا بوەستێتەوە و لە شێوەی بوونی خۆی بەرگری بکات یان نا.

لە وەها حاڵەتێکدا لەوانەیە ئەو دوژمنە جوان بێت؛ بۆ وێنە خاوەنی کەلتوورێکی جوان بێت، یان ئەگەر لەگەڵی ڕێک بکەویت خاوەنی سوودی ئابووری بێت یان تەنانەت بە لەحازی ئەخلاقییەوە لە شوێنێکی باش ڕاوەستابێت، بەڵام لە کۆتاییدا سرووشت و ئامانجی ئەمری سیاسی دەستنیشانکردنی دوژمن و بەرنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو دوژمنەیە. دوژمنیش لە کۆتاییدا بە پێی شمیت بەوە دەستنیشان دەکرێت کە ئایا ئەو کۆمەڵگایە، ئەو لایەنە کە دەیهەوێت بوون و شوناسی ئەوان بگۆڕێت بە دوژمن دەبینێت یان نا؟

شمیت دەڵێ کە ئەگەرچی دژبەرایەتییە سەرەکییەکە لە ژیانی ڕۆژانە بزر دەبێت بەڵام هەموو ئەکتێکی سیاسی ئەو پێوەرە ئانتاگونیستیەی لە نێو خۆیدا هەیە.

شمیت دەڵێت کە یەکەی سیاسی ئەو یەکەیە کە بتوانێت لەسەر باسی دۆست و دوژمن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن بڕیاری کۆتایی بدات.

ئەگەر وڵات (state) کۆمەڵگا دەکاتە یەکەیەکی سیاسی و بڕیاردەری سەرەکییە تەنیا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەم بابەتە کە وڵات بڕیاری دیاریکردنی دوژمن و ڕووبەڕووبوونەوەی بەدەستەوەیە.

لە درێژەدا شمیت دەڵێت هەرکات کۆمەڵگایەک ئیمکانی بیرکردنەوە یان وێناکردنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵی دوژمنی خۆی لە کیس بدات ئیتر لەو ساتەوە ناتوانێت وەک یەکەیەکی سیاسی و لە ئاکامدا وەک نەتەوەیەک بمێنێتەوە.

بەم شێوازە ئەگەر لەم چەمکانە کەڵک وەربگرین، ئەوەی نەتەوەیەک لە هەموو گرێچنە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەکوو کەمینەی ئەتنیکی، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ... جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە نەتەوە، یەکەیەکە کە توانایی زەینی دوو شتی هەیە یەکەمیان دەستنیشان کردنی دوژمن، دووهەمیان شەڕ لەگەڵ دوژمن. لەم چوارچێوەدا بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە وەک یەکەیەکی سیاسی و وەک نەتەوە بێتە بەرچاو پێویستە کە ئیمکان و ئەگەری شەڕ لەگەڵ نەیارانی هەبێت.

شمیت لە درێژەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وردەکاری سەربازی، ئامرازەکانی شەڕ و تەنانەت سەرکەوتن و دۆڕان بەهیچ شێوە کاریگەریان لەسەر ئەم باسە نییە و بەهەر بیانوویەک ئەو کۆمەڵگایە ئیمکانی بەرگری کۆتایی لە خۆی لە ناو ئاسۆی خۆی تار بکات و نەیبینێت ئەوا لە ئاستی یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەبوون دادەبەزێت. واتە ئەگەر نەتەوەیەک لە ترسی دۆڕان، توانایی زەینی وێناکردنی شەڕ لەگەڵ لایەنێکی تر بە تەواوەتی بسڕێتەوە ئەوە ئیتر ناکرێت وەک یەکەیەکی سیاسی یان وەک نەتەوە چاوی لێ بکرێت.

دیارە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆدا باسێک هەیە بە ناوی Deterrence یان پێشگرتن کە لە چوارچێوەی ئەم باسەدا باڵانسی هێزی سەربازی، چەکی ناوکی و ئیمکانی وڵامێکی سەربازی بەهێز پێش بەوە دەگرێت کە نەتەوەکان تێکەڵ بە شەڕ بن بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە نەتەوەکان پلان، دامەزراوە و لە ئاکامدا توانایی زەینی شەڕ لەگەڵ هەر لایەکیان کە دەیهەوێ شێوەژیانی ئەوان بخاتە مەترسییەوە لە کیس داوە.

هێزی سەربازی هەر نەتەوەیەک و لە نێو ئەوانیشدا پێشمەرگە، ئەو ڕۆڵە سەرەکییە دەگێڕێت بۆیە لە ڕاستیدا ڕێزی هێزی سەربازی و پێشمەرگە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر یەکەیەکی سیاسی دەزانێت کە بە بێ هێزی سەربازی توانایی زەینی وێناکردنی بەرگری لە کیس دەدات و بەم شێوەیە وەک یەکەیەکی سیاسی کۆتایی پێ دێت و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یەکەیەکی سیاسی تر کە ئەو یەکە نوێیە دوژمنەکانی بۆ دەستنیشان دەکات و بڕیاری شەڕی بۆ دەدات.

لە چەند دەیەی ڕابردووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر تەنانەت هەندێک جاریش شەڕ بەردەوام نەبووبێت بەڵام بوونی فیزیکی هێزی پێشمەرگە تەنانەت لە کۆیە و گرێدراوی ئەو چەمکە لەگەڵ کەلتووری گشتی گەلی کورد وای کردووە کە یەکەم ئانتاگۆنیزم یان ڕووبەڕووبوونەوە کە دیارترین شێوازی دەرکەوتنی ئەمری سیاسین بەردەوام بمێنێتەوە و دووهەم وێنا یان توانایی زەینی وێناکردنی شەڕ لەگەڵ دوژمن لە ناو نەچێت.

ئەوەیکە پێشمەرگە هەم وەکوو دامەزراوەیەکی نیشتمانی و هەم وەکوو واتا لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا بوونی بەردەوام بووە وای کردووە کە هەم دوژمنی گەلی کورد و هەم گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەست بە ئانتاگۆنیزمێکی ئەکتیڤ بکەن و بەو شێوازە هەم لە زەینی دوژمن و هەم لە زەینی تاکی کورد، ڕۆژهەڵات وەکوو یەکەیەکی سیاسی بمێنێتەوە.

بۆیە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بوونی فیزیکی پێشمەرگە تەنیا فاکتەرێکە کە دەتوانێ نەتەوە وەکوو یەکەیەکی سیاسی لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بەردەوام بکات و لە هەرحاڵەتێکدا، تەنانەت لە حاڵەتی جێگیربوونی باشترین شێوازی دێموکراسی لە ئێران نەتەنیا پێشمەرگە نابێت چەک دابنێت بەڵکوو هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ کورد ئیمکانی نییە مەگەر ئەوەی لە ناویدا هێزی پێشمەرگە ڕێگەی یاسایی ئەوەی هەبێت کە پەرە بە خۆی بدات و خۆی بەهێزتر بکات. واتە هەر ڕێگەچارەیەکی سیاسی لە کوردستاندا کە بریتی نەبێت لە پێکهاتنی یاساییەک کە ڕێگە بدات هێزی پێشمەرگە خۆی بەهێزتر و بەربڵاوتر بکات بەهیچ شێوە ڕێگەچارەی کێشەی کورد نییە مەگەر ئەوەی ئەو چارەسەرە کۆتاییهاتنی کورد بێت وەک نەتەوەیەک و وەک بوونی جیاواز.

گرینگی ئەم بابەتە تەنانەت بە ئەرتەشێکی نەتەوەیی ئێران بە بەشداری سەرباز و ئەفسەری کوردیش لە ناو ناچێت چوونکە کێشەی سەرەکی لێرە هەڵگەڕانەوەیە بۆ ئیمکانی یەکەی سیاسی بۆ بڕیاردان لە دیاریکردنی دوژمنی خۆی و ڕووبەڕوونەوەیە لەگەڵ ئەو دوژمنە.

لە ئاوا حاڵەتێکدا ئەرتەشی نەتەوەیی ئێران بۆ وێنە ئەگەرچی کوردیش لە ناویدا بەشدار بێت بەهیچ شێوە ناتوانێت ڕێگە بۆ ئەو بڕیارە و بۆ ئەو وێنایە بدات چوونکە ئەو ئەرتەشە وەک ئەرتەشێکی نەتەوەیەکی تر یان لە گەشبینانەترین حاڵەتدا وەک هێزێکی پارێزەری ئاشتی چەندنەتەوەیی دێتە بەرچاو کە ئەو ئیمکانە بۆ هیچکام لە نەتەوەکان پێک ناهێنێت کە ڕووبەڕووی دوژمنانیان ببنەوە.

بۆیە لێرەدا ڕۆڵی حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی سەرەکییە.

لە دوای دەسپێکردنی قۆناخی ڕاسان لە خەباتی گەلەکەمان، هاتنی لاوان بۆ نێو هێزی پێشمەرگە زیادی کردووە و حیزب زۆر بە درووستی ناوی فەرمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بۆ ئەو هێزە هەڵبژارد. هەر وەک چۆن حیزبی دێموکرات لە مێژووی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە پێکهێنانی دامەزراوە نەتەوەییەکان و ناحیزبی کردنیان، لەم پێوەندییەشدا پێویستە هەنگاو هەڵبگرێت. بۆ وێنە حیزبی دێموکرات بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئاڵا، سروودی نیشتمانی و پێشمەرگە و دواتر بە هەڵسووکەوتی درووستی لەو پێوەندییەدا ڕێگەی خۆش کردووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو دامەزراوانە ببنە موڵکی نیشتمانی هەموو کوردێک، پێویستە لەم کاتەشدا هەنگاوی جیدی هەڵبگرێت بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە ڕۆژهەڵات بگێڕێت کە ئەمەش بە تەخەسوسیکردنی هێزی پێشمەرگە ئیمکان پەیدا دەکات.

هەتا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی لەو پێوەندییەدا هەنگاوی زۆر گونجاو هەڵگرێت. یەکەم، سوێندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوەتی لەگەڵ ناوەکەی ئەو هێزە دێتەوە و بە هێچ شێوە لەو سوێندەدا داوا بۆ وەفاداری بۆ حیزبی دێموکرات ناکرێت بەڵکوو هەر پێشمەرگەیەک سوێند بۆ وەفاداربوون بە نیشتمان دەخوات. ئەم سوێندە نەتەنیا بەهای سیمبولیکی خۆی هەیە، لە ڕاستیدا زەینیەتێک لە ناخی تاکی پێشمەرگەدا ساز دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو پێشمەرگەیە وەفادار بە نیشتمانە نەک حیزبی دێموکرات.

ئەمە خۆی دەتوانێت هەنگاوێکی متمانەپێکهێنەر بێت بۆ هێزە سیاسییەکانی تر و ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە کە وەک پێشمەرگەیەک خەبات بکەن بەڵام بنەما فیکرییەکانی حیزبی دیموکراتیان لا پەسەند نییە؛ بۆ وێنە ئەو کەسانەی کە سەربەخۆییخوازن یان ئەو کەسانەی کە سوسیالیزمی دێموکراتیکیان لا پەسەند نییە.

هەنگاوی دووهەم پێکهێنانی ئارمێک بوو کە توانی لە ڕێگەی ئەو ئارمەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دامەزاوە حیزبییەکان جیا بکاتەوە. ئەم هەنگاوە دەبێت بە تەئکیدکردنەوەی زیاتر لە سەر ئەو ئارمە بە جێی ئارمی حیزب لە سەر جلوبەرگی پێشمەرگەی حیزبدا زیاتر جێگەی خۆی بکاتەوە.

ئەو هەنگاوانەی کە پێوستە زیاتر هەڵبگیردرێن ئەوانەن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەموو ئەو شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵات پیشان بدات کە؛ یەکەم هێزێکی شوێندانەرە و لە مەیدانی خەباتدا بەردەوام بوونی هەیە و دووهەم؛ بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕێک پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بێت پێویست ناکات ئیلزامەن بەرنامەی حیزبی دێموکرات قەبووڵ بکات.

لە ئاوا حاڵەتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێت شوێنگەی خەبات و موبارزەیێکی جێگەی متمانە بێت بۆ هەموو ئەوانەی کە بە دوای شوێنێکی جێگای باوەڕ دەگەڕێن بۆ موبارزە و خەبات.

لەم پێوەندییەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستە هەر لە سەرەتاوە و لە فێرگەی خۆیەوە دەست پێ بکات و پەروەردە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە چڕ بکاتەوە کە بۆنی حیزبیان نییە واتە بابەتگەلێک وەک مێژوو و جوغرافیای کوردستان، زمان و ئەدەبیاتی کوردی، جەرەیان ناسی هێزەکانی کوردستان و هزری سیاسی گشتی و هزری سیاسی لە کوردستاندا و ....

هەروەها دەبێت سیستمێک دابین بکات بۆ ئەوەی کە پلەگرتن، بەرزبوونەوە و بەرپرسایەتی وەرگرتن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوەتی تەخەسوسی بکرێن و لە بڕیاری سیاسی نێو حیزب مەودا بگرن و بڕیاری سیاسی نێو حیزبیش لە کاری سەربازی و پێشمەرگایەتی سەربەخۆ بکرێت.

ئەم بابەتە ڕۆڵ و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی لایەنەکانی تری کوردستان دەخوازێت. پێویستە ئەو لایەنانە بە بینینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەدی دەکەن متمانە بکەن بەوەیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەریکە لە هێزێکی حیزبییەوە بۆ هێزێکی نیشتمانی، تەخەسووسی و ناحیزبی دەچێت کە پارێزەری ئاسایشی هەموولایەک دەبێت و فەزایەک دەخولقێنێت کە سیاسەت بۆ هەموو حیزب و لایەنەکان لەنێو ئەو فەزایەدا ئیمکانی زۆرتر دەبێت. بۆیە پێویستە یارمەتیدەر بن بۆ بەهێزبوونی ئەو هەنگاوە و هاوکاری کردنی حیزبی دێموکرات بۆ زیاتر هەنگاونان لە تەخەسوسیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

**بوونی فیزیکیی پێشمەرگە تەنیا فاکتەرێکە کە دەتوانێ نەتەوە وەکوو یەکەیەکی سیاسی لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بەردەوام بکات و لە هەرحاڵەتێکدا، تەنانەت لە حاڵەتی جێگیربوونی باشترین شێوازی دێموکراسی لە ئێران نەتەنیا پێشمەرگە نابێت چەک دابنێت بەڵکوو هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ کورد ئیمکانی نییە مەگەر ئەوەی لە ناویدا هێزی پێشمەرگە ڕێگەی یاسایی ئەوەی هەبێت کە پەرە بە خۆی بدات و خۆی بەهێزتر بکات. واتە هەر ڕێگەچارەیەکی سیاسی لە کوردستاندا کە بریتی نەبێت لە پێکهاتنی یاساییەک کە ڕێگە بدات هێزی پێشمەرگە خۆی بەهێزتر و بەربڵاوتر بکات بەهیچ شێوە ڕێگەچارەی کێشەی کورد نییە مەگەر ئەوەی ئەو چارەسەرە کۆتاییهاتنی کورد بێت وەک**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی لەو پێوەندییەدا هەنگاوی زۆر گونجاو هەڵگرێت. یەکەم، سوێندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوەتی لەگەڵ ناوەکەی ئەو هێزە دێتەوە و بە هێچ شێوە لەو سوێندەدا داوا بۆ وەفاداری بۆ حیزبی دێموکرات ناکرێت بەڵکوو هەر پێشمەرگەیەک سوێند بۆ وەفاداربوون بە نیشتمان دەخوات. ئەم سوێندە نەتەنیا بەهای سیمبولیکی خۆی هەیە، لە ڕاستیدا زەینیەتێک لە ناخی تاکی پێشمەرگەدا ساز دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو پێشمەرگەیە وەفادار بە نیشتمانە نەک حیزبی دێموکرات.**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستە هەر لە سەرەتاوە و لە فێرگەی خۆیەوە دەست پێ بکات و پەروەردە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە چڕ بکاتەوە کە بۆنی حیزبیان نییە واتە بابەتگەلێک وەک مێژوو و جوغرافیای کوردستان، زمان و ئەدەبیاتی کوردی، جەرەیان ناسی هێزەکانی کوردستان و هزری سیاسی گشتی و هزری سیاسی لە کوردستاندا و ....**

# یەڵدا، لەدایکبوونی هەتاو، قاسملووی هەتوان

شەماڵ تەرغیبی

لەسەر یەڵدا و چییەتی و نیوەڕۆکی واتایی یەڵدا، زۆر وتراوە و نووسراوە؛ کەوناراناس و مێژووزان و وشەناسان لەم بارەوە پێیان وایە، یەڵدا وشەیەکی «سریانی»یە و بە واتای لەدایکبوونی هەتاو (مێهر) ە کە مێهر هەمان میترا یان هەتاوە. ئەم خواوەندە زەوینییە لە نێو ئایینی خاچپەرستی یان مەسیحییەتیشدا بەرجەستە بووەتەوە و شەوی لەدایکبوونی میترا یان خواوەندی هەتاو لەگەڵ شەوی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا بە هاوکات دانراوە بەچەشنێک کە تەنانەت ئەم ڕوانگەیە درووست بووە کە یەڵدا بەواتای لەدایکبوونی حەزرەتی عیسایە.

جیا لەم شوبهاندن و وێکچوونانە کە مژاری باسی ئێمە نییە وڵامی پرسیارێک پێویستە؛ ئەویش ئەوەیە کە بۆچی لەدایکبوونی هەتاو لە زستاندا ڕوو دەدات کە خۆر لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە؟ بۆچی لە وەرزی سەرما؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە بەپێی ئەو ئاسەوارانەی کە لێیان بەجێماوە لەوانەش بەردەنووس و نیگارکێشییەکانی نێو ئەشکەوتەکان و ... زەینی مرۆڤەکان لە رابردوودا لە چوارچێوەی ناوچەی جوغرافیایی نیشتەجێبوونیان و کەشوهەوای ئەو ناوچانە شکڵ و بیچمیان گرتووە کە ئەم ڕاستییە لە دابونەریت و کالچەر و شێوەبیرکردنەوەشیاندا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. مەسەلەی جێژن و ڕەسمە تایبەتییەکانیش لە غەیری ئەم مەسەلە نەبوون و نین. هەموو جێژنەکان، ڕێوڕەسمەکان و ساڵڕۆژەکان لە پێناو باشترکردنی بژێوی و بە مەبەستی یارمەتی خواستن لە خواوەندەکان بۆ ژیانێکی باشتر بەڕێوە چوون. ئەو چوارچێوە جوغرافیاییەی کە باوەڕمەندان بە ئایینی میترایی تێیدا ژیاون، خاوەنی زستانگەلێکی زۆر دژوار و سارد بووە. لە وەها هەلومەرجێکدا، بوونی خۆر و منداڵەکەی واتە «ئاگر» بۆ مرۆڤ بە زۆر چارەنووسساز لە قەڵەم دراوە.

ئەوەی ڕوونە جێژنە کەوناراییەکان هەموویان کارکردێکی سیحراوییان هەبووە. جێژنی ڕێزگرتن لە خۆر بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانی و سەرنجی ئەو بووە؛ هەر بۆیە دەبینین کە لە هەموو جێژنە زستانییەکاندا، ئاگر ڕۆڵی بەرچاو و گرینگی هەیە و هەموو ئەم جێژنانەش لەگەڵ ئیزەدی مێهردا پێوەندییان هەیە. لەو لاوە، لە جێژنە هاوینییەکاندا، ماکەی ئاو بەرچاوە و ڕۆڵی ئاناهیتا وەکوو خواوەند (مێ)ی ئاو بەرچاوە. کەوابوو، بەڕێوەبردنی جێژنی لەدایکبوونی مێهر لە زستاندا بە شێوەیەك هاندانی ئەم خواوەندەیە بۆ گەرمابەخشین و پشتیوانی لە ئیماندارانی لە پێناو تێپەڕاندنی زستانێکی دژواردا.

بەڵام جیا لەم لایەنە فەلسەفی و فکرییە کە لێرەدا باسی لێوە کرا، پرسێکی دیکەش بوونی هەیە کە ناکرێ بەسەریدا تێپەڕین؛ ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بۆ پێڕەوانی ئایینی میترا، شەوی یەڵدا تەنیا جێژنێک بووە بۆ پاڕانەوە و وەرگرتنی پشتیوانی لە خواوەندی گەرما، ئێمەی کورد لە بوارێکی دیکەشدا دەبێ جێژنی بۆ بگرین، کە لە بنەڕەترا یەڵدای ئێمە جیاواز دەکاتەوە لە یەڵدای نەتەوە و هۆزەکانی تر؛ جێژنی لەدایکبوونی ڕێبەری ناوازەی گەل، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو! ئەم یەڵدا تایبەت بە کورد و کوردستانە و بەقەد هەموو شاخە سەرکەشەکانی نیشتمان باڵای هەیە و کەڵەگەتترین مانا و چەمکە! مانایەکی بەرهەستی ئۆبژێکتیڤ. یەڵدای ئێمە شەوی لەدایکبوونی پیاوێک لە ڕەگەزی هەرمان و هەتاوە کە بە لەدایکبوونی شەوی دەیجووری کوردانی شەقارشەقار کرد. لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ی هەتاویدا، لە ئامێزی بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتوو و خۆشناوی دەڤەری قاسملوو، قاسملوویەک لەدایک بوو کە بە هاتنی، نوور و تیشک و هەتاوی ڕزگاری سەریان هەڵبڕی. شەوی ڕەشی کوردستان درزی تێکەوت و ئاشتی، چاکە، ڕەوشتی بەرز و مرۆڤتەوەری بریسکاندی.

بەڵام ئەمە کۆتایی داستانەکە نییە؛ وێکچوونێکی دیکەش لەنێوان ئوستوورەی یەڵدا و ئێمەی کورددا بوونی هەیە، ئەویش یەڵدا و ڕاسانە! ئەم وێکچوونە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەڕوانین و بیرکردنەوەکان؛ شێوەڕوانینی زاگرۆسنشینان و فەلسەفەی وجوودی میترائیزم. ئەگەر لە درێژترین شەوی ساڵدا کێشمەکێش و ململانێیەکی توند و سەخت لەنێوان تاریکی و ڕووناکی، سەرما و گەرما، سەخڵەت و زوقم و توانەوە دێتە گۆڕێ و دواجار هێزی ڕووناکی و تین و گەرما بەسەر سەرما و ڕەقهەڵاتوویی سەر دەکەوێ و میترا دێتە دنیا، ئەوا خەڵکانی دەڤەری مێزۆپۆتامیاش بەردەوام لە سرووشتی سیاسییاندا ڕووبەڕووی سەرما و سەخڵەت و تاریکییەکان بوونەتەوە تاکوو میترای ڕزگاری و سەرکەوتن بێننە دنیاوە. ڕاسانی گەل ڕیشەی لەم مێژووە کەوناراوە وەرگرتووە کە هەوڵ دەدات مانا ببەخشێتە ژیان تاکوو گەل لە سەرما و تاریکی و زوقمی سەردەم ڕزگار بکات ئەویش بە تیرێژی ئەندێشە گەرم و ڕووناکیدەرەکانی قاسملووی هەتوان.



# لە مەعشوور کێ سەرکەوت؟

کەیوان درودی

مەعشوور خوێناویترین شاری خۆپیشاندانەکانی ماوەی ڕابردوو بوو لە ئێراندا. مەعشوور ناوی مێژوویی و ڕەسەنی عەرەبیی «ماهشەهرە». ئەم شارە بە جۆرێ کەوتە بەر قینی دەسەڵاتی تاران کە بەپێی ئامار و زانیارییە بڵاوکراوەکان زیاتر لە ٣٠٪ی کۆی کوژراوەکانی ڕووبەری جوغرافیای ئێران، خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەم شارە بوون. وەک باس دەکرێ لانیکەم سەد و پەنجا کەس لە مەعشوور بەدەستی ڕمب بەدەستانی ڕێژیمی ئێرانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە نێو بێدەنگیی «بەئەنقەست و بەمەبەستی» ڕاگەیاندنە فارسزمانەکان، مەعشوور خەڵتانی خوێن کرا. هەنووکەش بەکەمی هەوڵ و ڕاپۆرتێکی پوختەمان لەو بارەوە لەسەر لاپەڕەی ئەم ڕاگەیاندنانە بەرچاو دەکەوێ. بۆ لێکدانەوەی وردی ڕووداوەکانی «گەڵاڕێزانی مەعشوور» پێویستە بەستێنەکانی ئەم بەریەککەوتنە شی بکەینەوە. مەعشوور ناوەندێکی نێودەوڵەتیی هەنارده و هاوردە و پردێکی پەیوەندیی بازرگانییە و خاوەنی ناوچەی پیشەسازیی پێشکەوتوویە و لەو ڕووەوە پێگەی تایبەتی لە ئەحواز و ئێراندا هەیە. ئەم ناوچە دەسپێڕاگەیشتنێکی خێرای بە لێوارەی ئاوە ئازادەکان و ڕێگەی ئاسنی ناوخۆییەوە هەیە و بەشێکە لە پانتایی ئاخێزگەی گاز لە ناوچەی عەرەبیی ئەحواز. هەروەها جەمسەرێکی پیشەسازیی پێترۆکیمیاوییە لە جوغرافیای ئێراندا. بەم زانیارییانەوە دەخزێینە نێو کاکڵی بابەتی ڕووداوی گەڵاڕێزانی مەعشوورەوە.

**بەراوردی پشکی مەعشوورییەکان لە بەرهەمهێنان و پێکهاتەی مەعشوور**

زۆرینەی بەرچاوی خەڵکی ئەم ناوچە بە شارەکەیەوە لە پێکهاتەی نەتەوەی عەرەبە کە نزیک بە ٨٠٪ی حەشیمەتەکەی دەگرێتەوە. دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە لەسەر پاشخوانی کولتووری «بۆماوە»یی دەسەڵاتی پاڵەوی، هەوڵی داپڵۆساندنی شوناسی عەرەب و پەراوێزخستنی ئەم نەتەوەی داوە. ئەمەش لە ڕێژەی دامەزراندنی خەڵکی خۆجێی لە پیشەسازییەکاندا دیارە؛ بەجۆرێ کە تێکنیسییەنەکان، بەڕێوەبەرەکان و بڕیاردەران و خاوەن پشکەکان لە دەرەوەی ئەحوازەوە هێندراون و بەشێکی کەم لە کرێکارانی خۆجێیی بۆ پاساوهێنانەوە هێنراونەتە سەر کار و لەم ڕێژەیەش بەشێکی بەرچاویان کرێکاری وەرزانە و بێ گرێبەستن.



ئەمە نەک هەر لە ماهشەهر بەڵکوو لە «عەسەلوویە»ش ڕووی داوە. دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی ئەرکیی مێژوویی نیوەچڵی پاڵەوی و پراکتیزەکردنی گەڵاڵەی «تەختەقاپوو» و یەکدەستکردنی پێکهاتەکانی سەر جوغرافیای ئێران؛ بەزەیی بە ناوی ئەو ناوچەیەش نەهاتووەتەوە و عەسەلوویەی بۆ «پارس جنووبی» گۆڕیوە. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە فاشیزم سڵ لە هیچ چاوچنۆکی و فراوانخوازییەک بۆ دەستخستنی ئامانجەکانی ناکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستە کەلەپوور و زمان و مێژوو و میراتی فەرهەنگی نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران زۆر بە سانایی دەکاتە ئامانج. کەوایە نێوەڕۆکی تراژیدیای مەعشوور بەرکەوتنی خەڵک و کۆمەڵێک چەکدار نییە، بەڵکوو چڵەپۆپەی دەنگێکی کپکراوی سەد ساڵەیە و دەبێ لە دووتوێی پەیوەندیی کۆلۆنی و کۆلۆنیالیستییەوە لێک بدرێتەوە. مەعشوورییەکان کە ژینگە و نیشتمانیان بووەتە جێگەی دانانی ناوچەی پیشەسازیی بێ پلان و بەوپەڕی بێسەروبەری کراوەتە دەفرێک بۆ هەڵێنجان و تاڵانی سەرچاوە سروشتی، جیا لە نەخۆشی و گڵاویی ئاو و کەشوهەوا و لەناوچوونی سروشت هیچیتریان لە پیشەسازیی دەسەڵاتی تاران دەست نەکەوتووە.

**دەنگۆی چالاکیی چەکداری**

ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامی گەرەکی بێ ئەم دەرفەتە بۆ پاساوی سەرکوتی سەرتاسەری بگوازێتەوە، بە لامانەوە زۆر سەیر نییە، بەڵام ئەوەی کە جەماعەتێکی بەناو ئازادیخواز پەرە بەم پرۆپاگاندایەی ڕێژیم دەدەن جێی باسە. پانتایی و قووڵایی داپڵۆساندنی ئەمجارە لە ئاستێکدا بوو کە تەنانەت پەهلەویستەکانی هێنایە سەر خەت و بۆ یەکەمجار ئەو بوێرییەیان بەخۆیان دا کە باس لە دەستەواژەی «بەرگریی ڕەوا» بکەن. ئێمە گریمانەکەمان ئەوەیە کە بەڕاستی تێکهەڵچوون ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی کە ئەم تێکهەڵچوونە وەکوو «کردەوەی نائاسایی» و دژی تەناهی لێک دەدەینەوە یان بە ئیعتیباری «بەرگریی ڕەوا» خوێندنەوەی بۆ دەکەین، پرسی سەرەکی و خاڵی یەکلاکەرەوەیە و ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕوانگەمان سەبارەت بە پرسی زەروورەتە سیاسییەکانی ناو جوگرافیای ئێرانەوە هەیە. بێگومان کوژرانی دووسەد هاووڵاتیی عەرەب لە شارێکی بچووکی وەک مەعشوور تاوانێکی گەورەیە و لەو ماوەیەدا بەپێی قووڵیی کارەساتەکە باسی لێوە نەکرا و ئەوەش ئەو ڕاستییە تاڵەمان پێ دەسەلمێنێ کە نەتەوەکان دەبێ ئاگاداریی دەرفەت و بەستێنەکان بن و نەبنە سووتەمەنییەک بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکیتر. بەداخەوە گوتاری زاڵ و لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن وایکرد کە مەعشوور بکەوێتە پاوەرقی و پەراوێزی لێشاوی داتا، هەواڵ و ئاماری ڕۆژانە. بۆیە ئەگەرچی بەرگرییەکی مێژوویی ڕووی دا و ئەوەش لەبیری هەموو مرۆڤێکی بەویژداندا وەکوو کارەساتێکی ناخهەژێنی مرۆیی دەمێنێتەوە، بەڵام لە واقیعدا ڕێژیم چەند دەسکەوتی بەدەست هێنا کە بەکورتی ئەمانەی خوارەوەن:

١ – لەناوبردنی چینێکی شۆڕشگێڕ و بەرگریکار لە خەڵکی ڕاپەڕیوی عەرەب

٢ – کزکردنی توانستی ڕاپەڕین و نارەزایەتی لە داهاتوو

٣ _ شکاندنەوەی سایکۆلۆژیکی بەکۆمەڵ لە ئەحواز بەگشتی و لە مەعشوور بەتایبەتی

٤ _ دەسخستنی ئەزموونێکی ناوازە و تایبەت بۆ پاکتاو و پەردەپۆشکردن

٥ _ هاوڕا و هاودەنگ کردنی کۆمەڵێک ئۆپۆرتۆنیست و دەموچاوی دیار لە میدیا فارسزمانەکانی دەرەوە

٦ _ چاندنی تۆوی بێهیوایی و داماوی و بێپشتیوانی لەناو خەڵکی نارازی سەرتاسەری جوغرافیای ئێراندا

لە حەقیقەتدا، بەرگریی خەڵکی مەعشوور بە چەکەوە یان بە بێچەک، ڕەوا بوو، بەڵام ڕەوایی هەمیشە ناتوانێ ببێتە هۆی سەرکەوتن بەسەر نارەواییدا و ئەمەش بابەتێکە کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی جێی باس و لێوردبوونەوە بووە. ئێمە پاش ساڵەها دەزانین یەهوودییەکان ڕەوا و نازییەکان نارەوا بوون، بەڵام ئەم زانیارییەی ئێمە هیچکات قەرەبووی ئەو چەرمەسەرییە ناکاتەوە و پێش بە ڕوودانی هۆڵۆکاست ناگرێ.

**ڕێژیم تۆڵەی دۆڕانی لە دەرەوە لە خەڵکی دەکاتەوە**

ئیمپراتووریی خامنەیی کە کۆڵەکەکانی لەسەر بنەمای ئێرانی کولتووری و بیرۆکەی فاشیزم دانراوە، زەبری قورسی لە عێراق و لوبنان بەرکەوتووە. بێگومان هەیمەنەی ڕێژیم لە ناوچەکە تێکشکاوە و ئەمەش لە درێژخایەندا دەتوانێ زەمینەی بەخۆداهاتنەوەی خەڵک لە نێو ئێران دروست بکات. ترس لە ئەم بەخۆداهاتنەوە هۆکاری سەرەکیی بێپارێزیی ڕێژیم لە تێسرەواندنی خەڵک بوو. کاتێ شەوناشەوێک سیخوڕگەکانی ڕێژیم لە نێو کەربەلا و نەجەف ئاگری تێبەردەدرێ، ئەوە دەتوانێ لاوازیی ڕێژیم بسەلمێنێ. ئەو دەسەڵاتانەی بە زەبری زۆر ڕاگیراون زەمینەی ئەوەیان تێدایە کە بە تەقینەوەی نارەزاییەکی چرکەساتی و جەماوەری لەناو بچن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەستراوەیی کۆمەڵایەتییان لاواز دەبێ و بەو پێیەش نارەزایی خەڵک لە بەرامبەریان پەرە دەستێنێ. هەربۆیە دارمانی ئەم دەسەڵاتە لە هەر چەمکێکەوە زەمینەی لەقبوونی لە شوێنەکانیتر فەراهەم دەکات. ڕێژیم بەباشی دەزانێ کە ئەو ڕەوتەی لە عێراق دەستیپێکردووە بەم زووانە ناوەستێتەوە و ئەوەش وەکوو تۆڕێک بە ناوخۆوە گرێ دەدرێ. هەربۆیەش ئەگەر لە سەرکوتی خەڵکی دەرەوە دەستی ئاوەڵا نییە، ئەوە لە ناوخۆ دەیهەوێ پێش بە شیتاڵبوونی ئەو تۆڕە پترووکاوە بگرێ.

لە کۆتاییدا دەبێ بێژین، پەیامی کارەساتی مەعشوور بۆ ئێمە ئەوەیە کە دەبێ ئاگادار بین وەکوو نەتەوەیەکی بندەستی فاشیزم کە دووجار چەوسێندراوینەتەوە، دووهێندە بەپارێز و وریا بین و وێڕای بەشداریمان لە نارەزایی، ئاگاداری بارودۆخی گشتی و جەماوەری و ناوخۆیی بین. وەک دیتمان مەعشوور پەراوێز خرا و بوو بە قەتڵگایەک و تاقیگەیەک بۆ ماشینی سەرکوت و قەڵاچۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هەنووکەش پەردەی لەسەر لادراوە و جگە لە ویژدانە ڕابووەکان، هیچ لایەنێک وەکوو کەیسێکی تایبەت باسی لێوە ناکات و بە هەر پاساو و بیانوویەک گەرەکیانە لە کۆتاییدا مەسەلەی ژینۆسایدی مەعشوورییەکان بە تاران و شوێنەکانیترەوە گرێ بدەن و تا ئێستەش لەو بارەوە بەداخەوە سەرکەوتوو بوون.



## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ «دڵنیا وەیسی» پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**وتووێژ: بێهزاد قادری**

ئەستێرە لە نووکی قەڵەمتانە، تیشک لە دەمارتان و مێژوو دەنووسنەوە: ئەوەتەی گڕ هەیە، ئاگرن؛ ئەوەتەی ئاو هەیە، بارانن؛ سەر هەیە، سەربەرزن؛ شاخ هەیە، لەسەر پێن و ئەوەتەی مەرگ هەیە، پێش مەرگن. واتا بە هاتوچۆی خوێن دەبەخشن، هەناسە بە شەقام، ئێسک بە بەرخودان و شوناس بە بەروو. بەروو... بە ئێوەوە دڵشادە، وەک دایک بە کۆرپە. زرێبار بە ئێوەوە رووتەنکە و تاقۆسان بە ئێوەوە رووخۆش. گورگور بە ئێوەوە بەگورە و قەندیل بە ئێوەوە بە دەماخ. لە درێژەی وتووێژەکانمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیا سەرکەشەکانی نیشتمان، ئەمجارە و لە مانگی پێشمەرگەدا، لەگەڵ کچە پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی «دڵنیا وەیسی»، ئەم دیمانەیەمان پێک هێنا و پێشکەشتانی دەکەین:

**-بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**

پێش لە پەیوەستبوونم بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، «پێشمەرگە»م وەک سیمبولێک، وەک گیانبازێک کە لە پێناوی مافی نەتەوە و خەڵکەکەی گیان و ژیانی دەبەخشێت، دەهاتە پێش چاو. لای من پێشمەرگە پیرۆزترین مرۆڤ و لە هەمان کاتدا باوەڕمەندترین مرۆڤ بوو. بەو واتایە کە تەنانەت لە دایک و باوکی خۆشم زیاتر جێی متمانە و باوەڕ. پێشمەرگە پیرۆزترین ناسنامەی نیشتمانی ئێمەیە و هەروەها «کوردستان»یش هەر ئەو خاکە پارچە پارچەیە بوو کە بە بینینی ئەو هەمووە مەینەتی و ئاوارەیی و ڕەنجەڕۆیی گەلەکەی و خەڵکەکەی، هێشتا ئەوەندە خاکەکەی پیرۆز و بەهادارە کە ڕۆڵەگەلێکی وەک پێشمەرگەی تێدا پەروەردە بووە. کوردستان ئەوەندە پیرۆز و بەنرخ بوو بۆم کە ئەگەرچی ئەو کات تەنیا کیژێکی قوتابی و مرۆڤێکی ئاسایی بووم، بەڵام هەر دەم ئامادە بووم لە پێناو ئەو خاکەدا، لە پێناو پیرۆزیی کوردستان و خۆشەویستیی ڕۆڵەکانی گەلدا (پێشمەرگە)، ژیانی ئاساییم کە هیچ، تەنانەت لە گیان و بنەماڵەشم بگوزەرم و هەموویان فیدا بکەم.

**-ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**

ئێستاش کە پێشمەرگەم و خۆبەخشانە ئەم ڕێگا و ڕێبازەم هەڵبژاردووە، زیاتر و پڕەنگتر لە جاران هۆگری ئەو خاک و ئاو و نیشتمانەم. ئێستا وەک پێشمەرگە خۆم بە ڕۆڵەی هەموو کوردستان دەزانم. ئێستا تەنیا یەک دایک و یەک باوکم نییە، هەزاران هەزار دایک و باوکی دیکەم هەیە. خۆم وەکوو وەدیهێنەری ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلەکەم دەزانم. کوردستان پیرۆزتر لە جارانە بۆم. کوردستان ئەوەندە لە لام مەزنە کە ئامادەم گیانی بۆ بدەم. بۆ کوردستانەکەم، خەونە ڕەنگینەکانی کچێتیم لە ژوورە پڕ زەرق و بەرقەکەم بەجێ هێشت و هەموو خولیاکانی خەڵک و گەلەکەم تێکەڵ بە هەست و گیانم کرد و هەمووم لە کۆڵبەندە خاکییەکەم نا و بەستم بە پشتمەوە و ئەم شاخ بۆ ئەو شاخ لەگەڵ خۆم دەیگێڕم.

**- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**

«نیشتمان» دایکمانە، شەرەفمانە، ئابڕوومانە و دەبێ بیپارێزین. «پێشمەرگە» پێشەنگ و مەشخەڵداری ڕێگای خەباتە. پارێزەری ماف و کەرامەت و هەموو بەها مرۆییەکانی نیشتمانی کوردانە. «ڕاسان» بەرۆژبوونەوەی خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**

بە بڕوای من، هەر کەسێک کە گەورەترین ئاواتی ژیانم بینینەوەی دووبارەی زێدەکەمە بە ئازادی. بەڵام دەبێ هەمیشە ئەگەرەکانیش لەبەر چاو بگرین، بۆیە ئەگەر بڕیار بێت تەمەنم کەم و کورت بێت، ئاواتم ئەوەیە کە لە پێناو خاک و گەل و ئامانجی گەل و حیزبەکەم و لە ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدانی ڕێگای کورد و کوردستان و لە خاکەکەمدا مەرگێکی سەربەرزانەم هەبێت.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**

بە بڕوای من، ئازادیی نەتەوایەتی و خاوەندارێتی لە خاک و زێدی خۆمان و ڕزگاربوون لە ژێر چەپۆکی داگیرکەر، دەتوانێت واتا بە ژیانی کورد ببەخشێت.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

داوام لێتان ئەوەیە کە تا پێتان دەکرێت وەرنە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و بێنە مەتەرێزی ڕاسانییانەوە. یان گەر ئەوەتان پێ ناکرێت، دەتوانن بە شێوازێکی تر وەکوو پێشمەرگە خزمەتی گەلەکەتان بکەن. دەتوانن پشتیوان و یاریدەدەری ئێمە بن وەک هەمیشە. خوێندکار دەتوانێت لە زانکۆدا پێشمەرگە بێت. قوتابییەک و مامۆستایەک لە قوتابخانە و دایکێک لە ماڵ دەتوانێت بۆ خۆی پێشمەرگەیەک بێت. فێرکارێکی زمانی دایکیش هەروەها و هەزاران خزمەتی دیکە بوونی هەیە.

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**

تەنیا قسەم بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم ئەوەیە کە قەت لە تێکۆشانی خۆیان لەم ڕێبازە پیرۆزەدا کەمکاری نەکەن و هیوایان قەت دانەبەزێت. داهاتوو هەر بۆ ئێمەیە. باوەڕیان بە خۆیان و پیرۆزیی ڕێگاکەیان هەبێت.

**. وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**

پەیامم بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە خۆیان لێ ون بووە و لە ڕیزەکانی داگیرکەردان و دژ بە خوشک و براکانی خۆیان کار دەکەن ئەوەیە کە چیدی خەیانەت نەکەن و دەست لە چڵکاوخۆری هەڵبگرن. عەیبە بۆ کورد ئاوا لە خۆی بکات و ببێتە دارەدەستی دوژمنەکەی. باوەشی گەل و نیشتمان ئاوەڵایە، ئاوەڵاتر لە هەر باوەشێکی تر. ئەو شوورەیی و پەستییە لە خۆتان بشۆنەوە.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**

درێژە بە کاری حیزبایەتیم دەدەم، کارێک کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو شتێکدایە. درێژە بە خوێندن دەدەم و زیاتر لە هەموو کات خۆم بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان ئامادە دەکەم.

**- بەسەرهاتێکی خۆشی خۆتمان بۆ بگێڕەوە:**

خۆشترین بەسەرهاتەکانم ئەو کاتانە بووە کە لەنێو خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستاندا سەرقاڵی گەڕان و جەولەی پێشمەرگانە بووین. خەڵک بەرەو پیرمانەوە دەهاتن، لە باوەشمانیان دەگرت، بە بینینمان دڵخۆش بوون، ئاسۆیان لە چاوی ئێمەدا دەدی. لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا ئەمانە خۆشترین کاتەکانم بوون، هەستی جیاواز و تایبەتم هەبوو. بەڕاستی کە خەڵک پێشمەرگە بە هی خۆیان دەزانن و ئەوەش دەزانن کە پێشمەرگە ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی ئەم گەلەن.

## ئاسۆساڵح: ڕوانینی نوێی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە پێویستە ئەو جۆرە بیرکردنەوە بڕووخێت، ڕووخاندنی ئەو جۆرە بیرکردنەوە بە واتای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە

کۆنفرانسێکی تایبەت بە بەشداریی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران، چالاکانی مافی مرۆڤ و نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی هەڵسەنگاندنی دۆخی نەتەوەکانی ئێران، ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی سەرماوەز لە ناوندی یەکیەتیی ئورووپا لە بروکسێل، پێتەختی وڵاتی بێلژیک، بەڕێوە چوو. لەم پەیوەندییەدا تەلەفزیۆنی تیشک لەگەڵ «ئاسۆ ساڵح» بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات وتووێژێکی پێکهێناوە کە بەهۆی گرینگیی باسەکە لێرەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێکی ئاوا لەسەر پرسی نەتەوە بێ مافەکانی ئێران لەم کاتەدا چ گرینگییەکی هەیە؟**

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی چاو لەو پرسە بکەین دەبینین کە سیاسەتی نەتەوەکانی ئێران هەموو کاتێک سیاسەتێک بووە کە لە چوارچێوەی ئێراندا بووە و لە چوارچێوەی ناوندەوە پێناسە کراوە واتە لە پانتێکستێکی ناوەند- پیراموونیدا دەبینین کە هەمیشە ئەوە ناوەند بووە کە هەموو دەسەڵاتە سیاسی، ئابووری و دیپلۆماتیکەکانی بە دەستەوە بووە. ئەو هەنگاوانەی کە لەلایەن نەتەوەکانی ئێران، حیزبەکان و نوخبەکانی نەتەوەکانی ئێران هەڵدەگیردرێت بۆ ئەوەی کە دیپلۆماسییەکی سەربەخۆییانەوە هەبێت هەتا لەنێو کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا پرسی نەتەوەکانی ئێران جیا لە مەسەلەی ناوەند لە ئێراندا باس بکەن، باس لە تێپەڕاندنی دەورەیەکی گوزار دەکات ئەگەر چی لەوانەیە کە پرسی هاوبەشمان لەگەڵ ناوەندەوە هەبێت بەڵام پرسێکی تاتیبەت بە خۆمان هەیە. لە وتارەکەی مستەفا هیجری لێپرسراوای گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوە بەدی دەکرا ئەگەرچی ئێمە هێندێک پرسی هاوبەشمان لەگەڵ ناوەندا هەیە، بەڵام بۆخۆی بووەتە بەشێک لەو کێشەی کە ئێستا هەمانە. ئەو ناوەندە تەنیا ناوەندێک نییە کە لە تاراندا و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا پێناسە دەکرێت. ناوەند یان بیری ناوەند-پیراموونی تەنیا دەتوانێت لەنێو ئۆپۆزیسۆنی ئێرانیشدا هەبێت، لە وتارەکەی کاک مستەفا هیجری ئەو باسە بە ڕوونی هاتە بەرچاو. لە ڕاستیدا من پێم وایە لە ڕوانینێکی ئاوادا ئەو جۆرە چالاکییانە و هەنگاوە دیپلۆماتیکییانە دەتوانێت نەتەوەکانی ئێران بە ڕوونی بە ڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پیشان بدات و ئەو پرسە کە تا ئێستا بە داخەوە لەلایەن میدیاکان کە ڕوانینی ناوەند-پیراموونی هەیە، پەراوێز خراوە، لە داهاتوودا لە ئەگەری هەر جۆرە گۆڕانکارییەک کە لە ئێراندا دێتە ئاراوە، نابێت ئەو گۆڕانە لە سەر ئەساسی دووبار ناوەند دابێت. گۆڕان پێویستە لە سەر بیر وجۆری بیرکردنەوە دا بێت. لەم حاڵەتەدایە کە ئێمە دەتوانین بڵێین دەورەیەکی ڕزگاریی تێپەر دەکەین بەرەو گەیشتن بە مافەکانی خۆمان.

**ئایا ئەو کۆنفرانسە کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا دەبێت؟**

من پێم وایە ئەم پرسیارە گرینگە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئورووپاییەکاندا چاوی لێ بکەین، یەکیەتیی ئورووپا پاش ساڵەکانی ١٩٩٣ دیکۆمێنتێکی گشتگیری لە سەر ئەساسی چۆنیەتی سیاسەت لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبووە. دیارە هێندێک جار پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەت لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ وڵاتانی ناوچە دێتە ئاراوە، بۆ وێنە ڕێککەوتنی ENP یان ڕێککەوتنێک کە لەگەڵ وڵاتانی JCC ناوەندی هاوکاری کەنداو. بەڵام دیکۆمێنتێک لەسەر ئەساسی سیاسەتێکی جیهانی جامع بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێت بەداخەوە لەنێو یەکیەتیی ئورووپادا لە پاش ساڵی ١٩٩٣ی زایینی شتێکی ئاوا بەدی ناکرێت و تەنانەت سیاسەتی وڵاتانی ئورووپایش لە بەرامبەر سیاسەتی وڵاتانی ناوچە سیاسەتێکی یەکدەست نییە، سیاسەتێکە بەداخەوە دەبینین کە پاش هاتنە ئارای مەسەلەی شەقبوون لەنێو یەکیەتیی ئورووپادا و مەسەلەی برێگزیت بە تایبەت نەبوونی ئەو یەکدەستییە بەڕوونی بەدی دەکرێت، نەتەنیا لە نێوان بریتانیا و وڵاتانی ئورووپاییدا، لە نێوان وڵاتانی زلهێزی ئورووپاییدا بۆ وێنە لە نێوان ئاڵمان و فەرانسە. لە ئاکامێکی ئاوادایە کە دەبینین لە سووریە کاتێک کە ڕووسیە و چین و وڵاتانی دیکە دێن قسەی یەکەم دەکەن؛ بەڵام وڵاتانی ئورووپایی لەوێدا جێگایان خاڵییە و سیاسەتێکی یەکگرتووانەیان بەرامبەر بە پرسی سووریە نییە. دیارە لەنێو بەڵگەکان لە سیاسەتی جیهانی یەکیەتیی ئورووپا هەم لە ساڵی ٢٠١٨ و هەم لە ساڵی ٢٠١٩ بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاماژەیەکی کورت کراوە؛ ئەویش نەتەنیا بۆ خۆی لەپاڵ وڵاتانی باکووری ئافریقا کە خەریکە دەورەیەکی قەیران تێپەڕ دەبێت و دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئورووپادا هەبێت، کاریگەرییەکەش دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕەوشی پەنابەران ئەگەر لە بەرچاوی بگرین. بۆیە من پێم وایە لە ڕوانینێکی ئاوادا سیاسەتێکی یەکدەست لە بەرامبەر ئێران بە گشتی و نەتەوەکانی ئێران دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی کە سیگناڵێک بێت بۆ وڵاتانی ئورووپایی و یەکیەتی ئورووپا بە تایبەت کە پێویستە سیاسەتێکی یەکدەستیان هەبێت بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوونیان هەیە و بە تایبەت بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. هەر ئەو تێئۆرییە دەتوانێت لە نموونەیەکی دیکەدا باسی بکەم کە ئەو مەسەلە بەهێزتر دەکات، پاش ئەوەی کە ئامریکا لە بەرجام هاتەدەر، دەبینین کە ئامریکا ئەگەرچی هەوڵی دەدا کە سیاسەتێکی جیاوازی ئامریکایی هەبێت بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت نەیتوانیوە بەو شێوەیەی کە بۆ خۆی دەیهەوێت لە چوارچێوەیەی هاوکارییەکی ئابووری یان لە چوارچێوەی دژبەرییەکدا یان هەرشتێکیتر لەگەڵ ئێراندا نەیتوانیوە هەنگاو هەڵبگرێت، بۆیە من پێم وایە جێی کارهەیە لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا کە پێویستە ئەم جۆرە کۆنفرانسانە زۆرتر ببێت و پێویستە کە حزووری ئێمە لەم جۆرە شوێنانەدا بەرچاو و زۆرتربێت، دەبینین کە قەرارە حەوتووی داهاتوو لە یەکیەتی ئورووپا باسێک بکرێت لەسەر ئێران و لەوانەیە بڕیارنامەیەک دەربکرێت. بوونی کۆنفرانسێکی ئاوا لە وەها کاتێکدا گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە و پێم وایە کە سەرکەوتنێک بوو بۆ دیپلۆماسی حیزبی دێموکرات کە بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوو.

**بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری و وتارەکەی چۆن دەبینن و چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێت؟**

ئەو وتارەی کاک مستەفا پێویستە کە خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ بکرێت، وەک چۆن وتارەکەی بەڕێزیان لە نەورۆزی ٢٠١٦ لە کوێستانەکانی کوردستان لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگییەکی تایبەتی هەبوو و دەسپێکی دەورەیەکی تازەی لە نێو چالاکیی حیزبی دێموکراتدا نیشان دەدا. ئەم وتارەش پێم وایە هەر لەو ئاستەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە و لەوانەیە گرینگییەکی زۆرتری هەبێت. چونکە وتارەکەی بەڕێزیان لە ساڵی ٢٠١٦ باسی دەسپێکی قۆناغێکی تازەی لە خەبات کرد، بەڵام ئەم وتارە باسی دەسپێکی ڕوانینێکی تازە و سیاسەتی نوێی حیزبی دێموکرات و ڕوانینی ئەم حیزبە بەرامبەر بە سیاسەت لە ئێراندا دەکات. وتارەکەی هیجری تەنیا ڕوو لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و یەکیەتی ئورووپا نەبوو بەڵکوو ئەو جۆرە بیرکردنەوە کە لە نێو سیاسەتی ئێران بە گشتی بەدی دەکرێت، دەگرتەوە . بە شێوەیەکی قاتعانە ئاماژەی بەوە کرد کە بەداخەوە لەنێو نوخبەی ئێراندیا ناسیونالیزمی ئێرانی لە وتارەکان و ئەکتەکانیاندا بەدی دەکرێت، باسی ئێرانشاری و یان ئێرانی ئیسلامی دەکرێت. میدیای فارسەکان پرسی نەتەوەکانی ئێران بەرەو پەراوێز دەبات. ئەوە هەمووی پیشاندانی جۆری بیرکردنەوەیە لەنێو ئێراندا کە لە سەر ئەساسی دەسەڵات لە ناوەندا پێناسە دەکرێت. ڕوانینی نوێی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە پێویستە ئەو جۆرە بیرکردنەوە بڕوخێت، ڕوخاندنی ئەو جۆرە بیرکردنەوە بە واتای ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی و ئەو زێهنیەتەیە کە بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران هەیە. ڕوخاندنی ئەو جۆرە بیرکردنەوە واتە دەسپێکی قۆناغی ڕزگاریی بۆ ئێمە. گرینگ ئەوەیە کە وتاری حیزبی دێموکرات یان دەتوانم بڵێم وتاری خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا پاش ئەو وتارەی کاک مستەفا هیجری لە پارلمانی ئورووپا لە ڕێکەوتی ١٢ی دێسامبری ٢٠١٩ هاتە قۆناغێکی تازەوە و پێویستە هەموو ڕووناکبیرێکی کورد لە سەر ئەو وتارە و لەسەر دەسپێکی ئەو قۆناغە تازە ڕاوەستن، بیر بکەنەوە، وتار بنووسن و شرۆڤەی بکەن. شرۆڤەکردنیش بەم مانایە نییە تەنیا باسی باشییەکانی بکەن. ئێمە وتارێکی نوێ لە خەبات خەریکە دەست پێ دەکەین کە پێویستە زۆرتر شێ بکرێتەوە، هەر وەکوو چۆن لە قۆناغی ڕاساندا پێویست بوو زۆر ڕەهەند شی بکرێتەوە. لەسەر ئەو ئەساسە من پێم وایە ئەم وتارە گرینگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانێت کاریگەری نە تەنیا لە سەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە سەر خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە گشتی وەکوو هاوڕێیانی عەرەب، بەلوچ، تورکەمەن، تورک و لوڕ، هەبێت.

## «قاسملوو خواوەندی هەتوانە!»



حەزم لە تاریکی نییە
لە سڕبوون و قوڵتیانیش.
ڕەنگی سووریش،
تاڵییەکانم دێنێتەوە یاد،
تاڵیی لەدەستدانی هاوڕێ و هاوبیر!
شەوی ساردم خۆش نەویستووە و قەت خۆش ناوێ،
شەوی ئەنگووستەچاوی پڕ لە زوقم و سەرما، چاوم هەتەر
ناکا، دەستم دەڕچێ لەو هەوادا.
نازانم چ ڕازێکە؟
درێژترین شەوی ساردی ئەنگووستەچاوم خۆش دەوێ،
وا زۆرترین تاریکی،
ئەستەمترین سەرما و
وێرانکەرترین سڕی و قوڵتیانی تێدایە؛
یەڵدا!
شەوی مێرخاسی ڕێبەر،
پێغەمبەری خەندە و جوانی،
شەوی شەراب، هەنار و بێداری.
لەو ساتەدا، ساتەوەختی هاتنەدنیای قاسملوو،
دنیا چڕ، خەو ماندوو، ئاسمان کش، زەوی کڕ و ئەستێرە
کز کز.
لەناکاو
لە هەناوی شەوەزەنگی تەمتوومانا
ڕووناکییەک باڵای کرد،
زەویی ساردی ڕەقهەڵاتوو هاواری کرد، زریکاندی، وتی:
هۆ گەلی برینداری زامهەڵگرتوو
چیدی مەگرین!
شەوی سەرکز شەقی برد،
بزەی گەرمی ڕووناکی، بووە میوانی لێوی ئاڵی نیشتمان،
پەیژەی باران
ژین و ژیانەوەی کردە دیاری
بۆ ئایندەی ئەم دیارە.
«شێرکۆ»ش ئاوا هاتە دەنگ:
«لە ماڵەکانماندا»
قاسملوو
جوانترین درەختی حەوشەیە و
نازدارترین گوڵدان و ئینجانەیە و
پاکترین شووشەی پەنجەرەیە و
یەکەمین ڕەفەی کتێبخانەیە و
قوڵینەی نانە و
قەڵەمدانە و پەرداخە و
گڕوگاڵی منداڵەکانمانە... قاسملوو!»
ئەی ئەوە نییە،
قاسملوو بووەتە تاقگەی هەقیقەت و
لرفەی ژینی کاروانێکی نەپساوە
ئەوە نییە
هەتا دێ
زیاتر هیوا دەبەخشێ و لە چوار سووچی ژیانمانا خۆی
دەنوێنێ.
شێرکۆی بێکەسان، قەڵەم لەدەست هاتە گۆ و وتی:
«ئاسمان هەردەم... ڕێژنەباران نانووسێ
باران هەردەم... ڕووبار و جۆگە نانووسێ
ئاویش هەردەم... باخ نانووسێ
باخیش هەردەم... گوڵ نانووسێ»
بەڵام ئەمن دەڵێم:
قاسملوو هەردەم ڕێژنە بارانێک دەنووسێ بۆ ژیان،
بارانێکە هەردەم ڕووبار و جۆگەی زانست دەنووسێ،
ئاوێکە هەردەم باخ دەنووسێ،
ئاوەدانیمان بۆ دێنێ،
باخیشە و بەردەوام ژیانمان گوڵڕێژ دەکات.
هەتوانە، خواوەندی هەتوانە!

## من پێشمەرگەم

من پێشمەرگەم
لە قوڵایی دڵی شاخ و
لە دوایین وێستگەی خاکی پۆشانی مەتەریزی شەرەف،
لەنێو جەرگەی مێرخاسانی قامەتبەرزی بەڕووئاسا و کیژانی
بێریی دڵ پڕ خولیای ئازادی
لە بەرزترین داوێنی ئەم ڕوانینەدا ڕوو دەکەمە
ئاسۆی سەربەستی و لەسەر گۆڕی سەربازی ون
دەسنوێژی ئیمان دەشۆرم .
لە سەرماوەزی هەیڤی جوانی چیرۆکی گەلێک دەنووسمەوە
کە دەمێکە پێکەنین لەسەر لێویان باری کردووە
چیرۆکێکی بێگەرد و پاک، تەژی لە بڕوا و ئیرادە کە
هۆگری پەیامی پڕ حەزمەتی
شاخە بەگوێی دنیا دەخورپێنم و پڕ بە گەروو هاواردەکەم:
من پێشمەرگەم،
من پێشمەرگەم پڕیاسکەیەک لە خۆشەویستی و
هەگبەیەک لە هۆنراوەکانی
وەرزی یاخی بوونم پێیە؛
لەوەتەی هەم دەستی تاوان پەلاماری خاکم دەدا و خەت
دەکێشێ بە سینگمدا
لەوەتەی هەم خێڵی عەجەم دەمسووتێنن بە پێکەنین،
قاچاخیان کرد لە لێوم، پێکەنین و قاقالێدان
لەوەتەی هەم
دوژمنی دڵ پڕ لەقین لێم بوون بە گورگ
پەلاماریان دام
ددانیان لێ تیژ کردم
نیشتمانیان داگیر کردم
لەوەتەی هەم
پیرەداری سووتاوی خەم
لە جێژوانی لەمێژینەم چۆکی داوە و
پرچی خاوی دارستانم چەپک چەپک وەکوو خەزان
هەڵدەوەرێ.
لەوەتەی هەم
لەسەرماڵی بەرزی مێژوو دوور دەڕوانم بۆ داهاتوو،
هەستی ژیان دەبزوێنم.
من پیشمەرگەم؛
من پێشمەرگەم، پڕ بە گەروو هاوار دەکەم
من ئێتر بەردێکی بێدەنگ نیم لە وەرزی فڕینی باڵندەکان
نەکەوتووم و ناکەوم و قەت ناکەوم
دڵنەوایی دڵی دایکانی چاوەڕوان و تۆڵەی فرمێسکی
چاویانم
بەرامبەر بە هێزی داگیرکەر
پاک ڕاساوم
هەردەم سروودی ژیانەوە دەچرپێنم.
من ئەو خۆرەم
پشتی تاریکی دەشکێنم
بزە بە لێوی ڕووناکی دێنم
من ئەو ڕێگا چۆڵ و سوورەم
دەبمە هاوڕێ وهاوڕازی ئادیداس پۆشانی بێوچان
من ئەو شەپۆلە ڕاساوەم، ڕاهاتووم
لەگەڵ دەنگی خرۆشاوی شار
زەریای بێ بن و گۆمی مەندی
بەناو بێدەنگ و ئارامی تاران دەشڵەژێنم
دەبمە لافاوی هەڕەشە.
من پێشمەرگەم،
پێناسەی نیشتمانێکی پیرۆزم،
مۆمی داگیرساوی ٢٦ی سەرماوەزی لەمێژساڵەم،
ڕاهاتووم
تێکەڵ بە ڕاسانی مێرخاسانی حەماسەخوڵقێن بم
لەم (ڕەوتەدا) چی ڕەشەبا و گێژەڵووکەی
نگریس و دزێوە نامکوژێنێ؛
کڕێوەم ئەژنۆی سپای وەیشومەی خستوەتە لەرزە
سیمای حەپەساوی لەشکری ئەژدیها ڕەق هەڵاتووە.
من پێشمەرگەم، شەوەزەنگم
شریفەی چەکی ڕاساوی یەکەم هەنگاوی گێلاسە
سوورەکانی قەرەسەقڵ
و چرۆی پاش سووتانی کۆساڵانی گۆڕغەریبم
لە تازەترین شەوانی سەرماوەزدا
وەکوو مانگ دەدرەوشێم و لەسەر لووتکەی هەوربڕی لە
گیران نەهاتووی ڕۆژهەڵاتی حەسرەتی دیدار
لەژێر ئاڵای خوێن چۆڕاوم دا
هەردەم دەڵێم:
من پێشمەرگەم،
من پێشمەرگەم.

کیانووش عەلیپرەزایی

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No : 764* • *21 December 2019*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


